YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

ژمارەی ٧٢ی ئایار ٢٠٢٥ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.72.May.2025

## بۆ هەشتەمین ساڵەی کۆچی نەوشیروان مستەفا ئەمین

**یادنامە**

قۆناغەکانی مێژوی شەستەکان تا دوو هەزار چەند قۆناغێکی گرنگی مێژوی کوردە لە باشوردا ، کە لەم قۆناغانەدا گۆڕانکاری لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا ڕویداوە و پێشکەوتنەکانی ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و خزمەتگوزاری لەسەروی هەموشیانەوە تەکنەلۆجی کاریگەری هەمەلایەنەی هەبوە و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دۆسیەی کورد هەبوە ، نەوشیروان مستەفا کە سەرکردەیەکی بەئاگابوە توانیویەتی ببێت بە کاریگەرترین سەرکردەی هەمو ئەم قۆناغانە ، کە دەتوانین گرنگترین قۆناغەکان دابەش بکەین بۆ پێنج قۆناغ :

١-قۆناغی دوای هەرەس : لەم قۆناغەدا کە بێهیوایی سەرتاپای جەستەی کوردی گرتبۆوە شۆڕشی نوێ و کۆمەڵە جارێکی تر دەبێتەوە بزوێنەری شۆڕش کە دوای سەرکردەکانی کۆمەڵە شەهید ئارام و هاوڕێکانی نەوشیروان مستەفا و بە یاوەری ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال گرنگترین کارئەکتری ئەم شۆڕشە بون.

٢-ئەنفال : دوای هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال و کاولکردنی گوندەکان جێنەهێشتنی کوردستان و مانەوە و بەردەوامی دان بەخەبات نەوشیروان مستەفا گاریگەرترین سەرکردە بوە.

٣-ڕاپەڕین : دوای گەردەلولی بیابان و بێهێزبونی ڕژێمی بەعس ئەندازیار و سەرکردەی مەیدانی ڕاپەڕین نەوشیروان مستەفا بوە.

٤-نوسینەوەی دەستوری عێراق : دەستوری عێراق و دروستبونی عێراقی نوێ گرنگترین قۆناغی مێژویی باشوری کوردستان بو ، نەوشیروان مستەفا یەکێک بوو لە کاریگەرترین وبەئاگاترین کارئەکتەری ناو وەفدی کوردی بۆ نوسینەوەی دەستوری نوێی عێراقی نوێ.

٥-ئۆپۆزسیۆن : دروستکردنی ئۆپۆزسیۆن و گۆڕینی خەبات و ململانێ لە خوێن و براکوژیەوە بۆ خەباتی مەدەنی و بێ چەک و هەڵبژاردن و پاشان هوشیارکردنەوەی تاکی کورد و بەشداری تاک لە دەستەڵات لە ڕێی دەنگدانەوە نەوشیروان مستەفا بە ئەندازیار و دروستکەری ئەم قۆناغە دەناسرێت.





## بۆ یادی یۆبیلی زیوینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

## سەرکەوتی جیهاز

پەنجا ساڵ پێش ئێستا یەکێتی نیشتمانی بوە هێز و هەستانەوە ، لەم ٥٠ ساڵەدا سەخترین و گەورەترین قۆناغی تەمەنی یەکێتی بریتی بو لە خەباتی شاخ کە بەهێزی دووسەرکردە ( مام جەلال و نەوشیروان مستەفا ) و بازنەی سەرکردایەتی هەموی خەباتگێڕ و هوشیار بە قۆناغەکە تا دەگاتە پێشمەرگەکان کە پڕبون لە بەرخودان ، لەم ٥٠ ساڵەدا و بە تایبەت قۆناغی شاخ یەکێتی تاکە حیزب بوە کە شەهیدی زیاتر بوە لە زیندوەکانی ، کە ڕوبارێک خوێنی لە پێناو ئامانجەکانیدا داوە ، یەکێتی بە زۆر قۆناغی سەختدا تێپەڕیوە و توانیویەتی قۆناغە سەختەکان تێپەڕێنێ.

دوای هەرەس کورد بە قۆناغێکی یەکجار سەختدا تێدەپەڕی بە شێوەیەک کە کۆی گروپە سیاسییەکان پێیان وابو مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە ، هەر ئەوکات لەو ژینگە بێهیوا گەورەیەدا کۆمەڵێک گەنجی شۆڕشگێڕ و بەتایبەتیش کۆمەڵەی ڕەنجدەران شانیان خستە ژێر نەهێشتنی کەوتن و سفربونەوەی گیانی بەرخودان ، لە ڕۆژگاری کەوتنی ئەسپی شۆڕشدا ئەمان بونە سوارچاکێکی نوێ و توانیان لەچواچێوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەردەوامی بە خەبات بدەن ، لە دوای شەهیدان ئارام و خاڵەشەهاب و هاوڕێکانی مام جەلال و نەوشیروان مستەفا وەک دوو سەرکردەی تەواوکار توانیان هەڵسانەوەیەکی زۆر گەورە دروست بکەن ، لە ئەمڕۆشدا بۆ ئەوەی بتوانرێت گەڕانەوەیەک هەبێت وەک پێداویستی قۆناغەکە دەبێت سیاسەتی چەپکە گوڵەکە و گەڕانەوە بۆ خانوە قوڕەکانی مام جەلال و ڕێفورمی نەوشیروان مستەفا چوارچێوەیەک دروست بکرێت هەمو هێزەکوردیەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە بۆ یەک هەڵوێستی و یەکێتی ناوەکی کورد کە عێراق لەبەردەم هەڵبژاردندێکی چارەنوسازدایە .
پیرۆزە یۆبیلی زیوینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.



پرۆسەی ئاشتی تورکیا لە میدیا جیهانییەکاندا ... ل٢
پرۆسەی ئاشتی تورکیا و کاریگەرییە هەرێمییەکان ... ل٣
ئازادی لای هانا ئارێنت ... ل٦
بناغەی پەروەردەی سەردەم، خۆشەویستییە ... ل٧
کچۆڵە سانی ریتەر پیانۆژەنێکی جیهانییە ... ل٨
جـۆرەکـانی زیـرەکـی ... ل٩
ڕەخنەگرتن پلەیە بۆ سەرکەوتن ... ل١٠
گرنگی پەروەردەی خودناسی ... ل١١
خالید زامدار ... ل١٢
هەرێم لە بەرداشی سیاسەتبازانی ناوخۆدا ... ل١٣
مەراسیمی بە خاک سپاردنم ... ل١٤
ماشاللە محەمەدی ... ل١٥
پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا مێژووی پرسی کورد لە تورکیا ... ل١٩

# پرۆسەی ئاشتی تورکیا لە میدیا جیهانییەکاندا

ئا: سنوور یاسین



## پێشەکی

پشتگوێ خستن زمان و مافی کورد، مێژوویێکی درێژی هەیە لەتورکیا. سەرهەڵدانی پرسی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان و دروست بوونی دەوڵەتی کۆماری تورکیا لە (1923) دا، کە بنچینەی (دەوڵەت - نەتەوە)ی بۆ خۆی هەڵبژارد و وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ هاتەکایەوە، هەروەها سیستەمی سیکولاری و پەیڕەوکردنی سیستەمی کەمالیزمی هەڵبژارد، ئەم سیسەتەمە بڕوای بە یەک وڵات و یەک نەتەوە هەبوو.

قۆناغەکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا

پرۆسەی ئاشتی دوای مێژوویەک لە نکۆڵیکردن، چەوساندنەوە، پشتگوێ خستن و چەندین هەنگاوی تر دێن کە بەرامبەر بە کورد نراون، لە ساڵی (1993)وەرا، لە سێ قۆناغی جیاوازدا هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کورد دراوە، دیارترینیان لەئاداری (2013) تاوەکو تەمموزی (2015) بوو، تواندرا چەکەکان بێدەنگ بکرێن و گفتوگۆی ئاشتییانە پەیوەست بە پێدانی مافی کورد بەتایبەتی و پرسی کورد بە گشتی بکرێت.

دوای هەوڵەکانی قۆناغی یەکەمی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سەردەمی تورگوت ئۆزال، سەرۆک کۆماری تورکیا لە (1993)دا، قۆناغی دووەم لەسەردەمی نەجمەدین ئەربەکان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە (1996)دێت، واتە دوو هەوڵی چارەسەری دراوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی دیاری هەبێ پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندنەکان بە هۆکاری جیاواز وەستێندران.

قۆناغی سێیەمی هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد لە (2013) وە تا (2015) لەسەردەمی ئاک پارتی دەست پێدەکات، تێیدا گفتوگۆکان شەفافتر بەڕێوە چوون، هەر زوو بەشێك لە ناوەڕۆکی دانوستاندنەکان ڕاگەیێندرا و ڕای گشتی لە هەنگاوەکان ئاگادار کرایەوە.

ڕۆڵی میدیا لە پرۆسەی ئاشتی دا

میدیاکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە ڕۆڵی گرنگ، کاریگەر و بەرچاویان هەیە بۆ برەودان بە ئاشتی جیهانی، ئەرکی میدیایە بایەخ و تایبەتمەندی زیاتر بدات بە هەواڵانەی پەیوەندیدارن بە پرسی ئاشتی و لە خزمەت ئەم بابەتەدان. میدیاکان لە ڕێگەی جیاوازەوە دەتوانن بایەخ بە ئاشتی بدەن و وەک بابەتێکی سەرەکی کاری زیاتر و زیاتری لەسەر بکەن، بۆ نموونە چەندین کۆڕ، سیمینار، کۆنفرانسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، وۆرکشۆپ و چالاکی جۆراوجۆر دژی توندوتیژی و فەراهەم بوونی ئاشتی ئەنجام دەدرێن لەلایەن ڕێکخراوە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ئایینی، نەتەوەیی ....هتد. هەموو ئەم چالاکییانە لەلایەن میدیاکانەوە ڕوماڵ دەکرێن و دەگوازرێنەوە، بۆیە میدیاکان دەتوانن یارمەتیدەر و ڕێگە خۆشکەر بن لە بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆشەویستی، ئارامی و ئاشتی و لێك نزیکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان.

لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، "لە سەدەی (21)دا، میدیا میتۆد و داهێنانی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی چیرۆکی ڕاستەقینە بۆ هەواڵەکان. میدیاکان چیرۆکە ڕاستەقینەکان دەگوازنەوە بۆ جەماوەرەکەیان لە حاڵەتی ناکۆکی و جەنگدا. میدیا بە هەمان شێوە بەشی سەرەکی دیاریکردنی کێشەکە دەگرێتە ئەستۆ بە یارمەتی پەیامنێران لەسەر ئاستی نزیک، گشتی و جیهانی.

باسکردنی ئاشتی لە میدیاوە کەش و هەوایەکی ئەرێنی دەڕەخسێنێت، هاوتا دەبێت لەگەڵ ستراتیجی جۆراوجۆری ئاشتی. لەگەڵ سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەستگەیشتنی زیاتری تەکنەلۆجیا و فراوانبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک لایەنی ڕۆژنامەگەری ئاشتی بەکاردەهێنرێن.

لەوانە شەفافکردنی ناکۆکیەکان، دەنگدان بە هەموو لایەنەکان، هەڵوێستە کردن لەسەر پرسە مرۆییەکان، ئاشکراکردنی ناڕاستییەکان لە هەموو لایەک، و جەختکردنەوە لەسەر ئازارەکانی هەموو کەس و لایەنێک و پێشاندانیان، لەوانە ژنان، بەساڵاچووان، منداڵان و ئەوانەی کە کەسیان نییە قسەیان بۆ بکات. ڕۆژنامەنووسان و بینەر و خوێنەرەکانیان دەتوانن بە بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەری ڕاستەقینە ئاشتیخوازانە زانیاری باشتر لەسەر ناکۆکی و گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانە بەدەست بهێنن".

سەبارەت بە پرسی ئاشتی و چۆنییەتی کارکردنی میدیاکان لەسەر ئەم پرسە هەستیارە، بۆ بڵاوکردنەوەی، ڕووماڵ کردنی بە شێوەیەکی چالاکانە و بەربڵاو پێویستە هەڵوەستە لەسەر دوو خاڵ بکەین، "

یەکەمیان پەیوەستە بە ئازادی میدیاکان و ڕادەی توانایان بۆ زیەتر ئاسانکردنی پرۆسەکە، خاڵێکی تر بریتییە لەوەی کە ئایا میدیا جیاوازەکان تا چەند ڕێگەدراون شیکردنەوە بۆ بابەتەکە بکەن، ناوەڕۆکی گوتارەکان، کۆبوونەوەکان و ڕیککەوتنەکان بڵاو بکەنەوە، چوارچێوەیەکیان بۆ داندراوە لە کارکردنیان لەسەر ئەم پرسە .

باسکردنی پرۆسەی ئاشتی لە میدیاکاندا

بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی وڵات بەرەو سەرکەوتن و ئاشتەوایی هەمیشەیی ببات، دەبێت دان بە هەموو لایەنەکانی پرسی کورد بنێین و شیکردنەوە بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکان بکرێت، لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی کێشەکە پێویستە شانبەشانی لایەنە سیاسی و یاساییەکان چارەسەر بکرێن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە. لەوانەیە ئاسان نەبێت کە سیاسەتێک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا لایەنی کورد ڕازی بکات و لە لایەن تورکیاشەوە پەسەند بێت، هەروەها پێویستە هەنگاوەکان بە گوێرەی کۆمەڵگاش بێت و ئەوان ئاگاداریان هەبێت.

لە کاتێکدا دەبێت هەموو کۆمەڵگا ڕۆڵی خۆی بە ئەرێنی لە پرۆسەی ئاشتیدا بگێڕێت، "بەڵام لایەنە دانووستاندن کارەکانیش بێ بەش نین لەم ئەرکە و گەورەترین ڕۆڵ دەکەوێتە ئەستۆیان. واتە دەوڵەت و بزووتنەوەی سیاسی کورد. گرنگترین ئەرکیان هەنگاونان بۆ پاڵپشتیکردنی یەکتر جگە لە بەشداریکردن لە دانوستاندنەکان. کارەکتەرە سەرەکییەکانی هەردوولا (لایەنی تورکی و لایەنی کوردی) دەبێت ڕایگشتی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین دامەزراوەی تر لەوانە زانکۆکان، میدیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن و پێویستە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن بۆ هاندانی لایەنە دانوستانکارەکان و ڕازیکردنی ڕای گشتی" .

یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی قۆناغی سێیەمی پرۆسەی ئاشتی لە (2013) کۆبوونەوەی ئەردۆغان بوو لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە (16) ی تشرینی دووەمی (2013) لە دیاربەکر بەڕێوەچوو. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند، "بە تەنیا باس لە گرنگی پرۆسەی ئاشتی بۆ وڵاتەکەمان ناکەین، بەڵکو باس لە پرۆسەی ئاشتی دەکەین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئامانجمانە ببینە هێزێکی نەرم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی، نەک تەنها چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بدۆزینەوە" .

جەنگیز چاندار نووسەر و رۆژنامەنووسی ناسراوی تورکیا دەڵێت، "دانوستاندەکان لە کۆتایی (2000) و سەرەتای (2010) دا زیاتر بە بەشداری سەرکردە کوردەکانی هەرێمی کوردستان بووە، ئەوان ڕۆڵی نێوەندگیریان گێڕاوە لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی ئاشتی دا" .
چاندار دەشڵێت، "سەرکردە کوردەکان پشتگیری رێککەوتنی تورکیا لەگەڵ پەکەکەیان دەکرد. سەرۆک جەلال تاڵەبانی لە نێوان ساڵانی (2006) و (2008) دا چالاکانە بەشداری گفتوگۆکانی پەکەکە و تورکیای کرد. هەروەها سەرۆک مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریان لە هەوڵی جیاوازدا کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرسی کورد و هەوڵەکانی چارەسەری ئاشتی، هەوڵی باش و کاریگەر دراون لە رێگەی سەرکردە کوردەکانەوە".
هەروەها نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی ئاشتی (2013-2015)، "رۆڵی گرنگ، کاریگەر و پۆزەتیڤی هەبوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، هەوڵدان بۆ دیالۆگ، کۆبوونەوەی جیاواز، گەیشتن بە رێککەوتن و لێک نزیک بوونەوەی هەردوولا. بەردەوام دووپاتی دەکردەوە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی پرۆسەکە" .
توێژینەوەی جیاواز ئەوە ئاشکرا دەکەن چارەسەری کێشەی کورد و پرسی کورد پێویستی بە، "هەنگاوانی پێویست و گرنگ هەیە لە لایەن لایەنە کوردەکان و لایەنی تورکی، پێویستە هەردوولا بۆچوونە جیاوازەکان لێک نزیک بکەنەوە و دڵنیابن لەوەی پرۆسەی ئاشتی ناتوانێ بگاتە ئامانجی دیاریکراوی خۆی تاوەکو نەگەن بە چارەسەرێکی سیاسی کە بۆ هەردوولا گونجاو بێت" .
دەرئەنجام
نەمانی ترس و پشتیوانی هاووڵاتیان  بۆ پرۆسەکە زۆر گرنگ بوون، ئاگربەست کە لە کۆتایی (2012)دا لەلایەن پەکەکەوە راگەیەندرا و پەیوەست بە بڕیار و سیاسەتەوە کە تا ئەمووزی (2015) بەردەوام بوو، یەکەم قۆناغی کشانەوەی گەریلاکان و سوپا هەنگاوێکی گرنگ بووە، دەرچوونی یاسایەکی چوارچێوەیی بۆ بڕیارەکە لە (2014)دا، گفتوگۆی نێوان لایەنەکان گەڕان و هیوای چارەسەر و تورکیا گەیشتووەتە پێگەیشتنێکی دیاریکراو لە ئەزموون. ئەگەرچی ململانێکان بۆ ماوەی زیاتر لە (30) ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام لە (15) ساڵی رابردوودا هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردن و لە دەساڵەی ڕابردووش، قۆناغی پەیوەندییەکان و دیالۆگ و گفتوگۆکان بەرەوپێشچوونی جێگیر هەبووە. ئەم قۆناغە گۆڕانکارییەکی گرنگ بوو لە پەیوەندییە سەرەتاییەکانەوە بۆ رێککەوتنی دۆڵمەباخچە و گەڕان بەدوای چارەسەرێک بۆ مافی کورد لە تورکیا.
چاوەڕوانییەکان و تەنانەت چوارچێوە و تێگەیشتنە بەردەوامەکان زۆر زیاتر و بەهێزتر بوو لە قۆناغی سێیەمی پرۆسەی ئاشتی. ئاشکرایە پرۆسەی گۆڕانکاری ریشەیی و بنچینەیی لە تورکیادا  پەیوەستە بە پەرەسەندنی پرسی کورد لە ناوخۆ هێنایە کایەوە، هەروەها پەرەسەندنی سیاسی و دەنگی دەنگدەران و هاوسەنگی هێزەکان گرنگ و کاریگەرێکی بەهێزی گەڕاندەوە بۆ لایەنەکان، لێ ئەم قوناغەش بە هۆی هەندێ هەنگاوی توندوتیژی لەلایەن پەکەکە و سوپای تورکیا لەلایەك و پەشیمان بوونەوەی حکومەتی ئەوکاتی تورکیا لە جێبەجێکردنی بەشێك لەو بەڵێنانەی دایبوو بە کورد، جارێکی دیکە پرۆسەی ئاشتی وەستاندەوە.

سایتی نوجە

# هەناسەی سەربوردەی تەمەنێک

## ستار محەمەد



ئەڵێن ئەگەر شیرنیەکانی خەیاڵ نەبێت
ئەستەمە بەرگەی تاڵیەکانی ژیان بگرین
ئەم هۆنراوەش هەناسەی سەربوردەی تەمەنێکە
-----------
شیرین وەرە ، هەرچەندە نایەی ! دووری
ناوت دێنم ، ئاهێکی بۆ سەبووری !
لە فەرهەنگی یادەوەریم ، ئەمێستاش
هەر خوێندکاری ناوەندی سەر سنووری !
دەیان عیساش ، دەست بە داوێنت بگرن
پەرجویەکەو مناڵێکن بلووری !
قەشەو کاهین چەند دەوروخولت بگرن !
وەک و مریەم هەر پاکیزەو ڕوسووری
کە شاتووی لێوو قەزوانی گەردنت
حەرام بێ بۆم ماچ و دەم بۆ بردنت !
لە هێشووی چاوەکانت ، با بەهارێک
چنگێ بەڵاڵوک بچنم ، تەنیا جارێک !
لێیان پرسیم : وەسفی عەشق بە دێڕێ !
بێ مل بادان ، سەحنی سەرت نەسوڕێ
وتم کە مەل کەوتە ناو تەپکەو تۆڕێ
هەرچی بکا ! بێ ئاکامە ، دەدۆڕێ !
لە خەرمان مشت ، لە دەریا تەنیا چۆڕێ
ڕوح دەرنەچێ و جەستە بخرێتە گۆڕێ !
زامێکی تەڕ ، خوێناوی لێ دەچۆڕێ
یەک ژیان و دوو جیهان و دە مردن
یەک گوناح و هەزاران تەوبە کردن
هەموو رۆژێ کۆرپەی شیعرێ پێ دەگرێ
بۆ ئێوارێ ، بە ناکامی دەمردن !
نیو نیگایە ، بروسکەیە ، پەیامێ
هەموو دنیا ، لە پێناو یەک مەرامێ
من ڕەزێکی تەمەنم لە قەبەڵ کرد
شەربەتێکی لە وەسڵی خۆی نەدامێ !
-----------------
پەرجو : موعجیزە
لە قەبەڵ کرد : پێشکەش کرد
هۆنراوەکەش کێشی خۆماڵی و یانزدە بڕگەیین

# پرۆسەی ئاشتی تورکیا و کاریگەرییە هەرێمییەکان

دلاوەر عەلاحەدین



لەوەدەچێ دەستپێشخەرییە نوێیەکەی ئەردۆغان - ئۆجەلان بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێییەکی پێنج دەیە لە تورکیا پرۆسەیەکی جیددی بێ و ئەگەر سەرکەوێت، توانای ئەوەی هەیە کە تەواوی داینامیکی ناوچەکە لە قاڵب بداتەوە. ئامانجی سەرکردەکانی تورکیا لەو پرۆسەیەدا روونە: چەکداماڵینی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، داماڵینی شێوازی عەسکەرتاری لە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دراوسێ باشوورییەکانی، بووژانەوەی ئابووری ناوخۆ و باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و ئەورووپا. هەموو ئەمانەش لە کاتێکی گونجاودا، پێش هەڵبژاردنە گشتییەکانی داهاتووی وڵاتەکە، دێنە کایەوە. لە کاتێکدا سەرکردەکانی تورکیا لە پێگەی براوەدا سەنگەریان قایم کردووە، عێراقییەکان، سوورییەکان و وڵاتانی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەموویان پشکیان لە دەستەبەرکردنی چارەسەرێکی دۆستانە و بەردەوامدا هەیە.

تورکیا
تورکیا ماڵی پتر لە نیوەی کوردانی جیهانە، کە ژمارەیان لە ٤٠ ملیۆن تێپەڕیوە، هەروەها ماڵی ملیۆنان کەسی دیکەی غەیرە تورکە. کەچی دەوڵەتەکە بە تەنیا وەک دەوڵەتی نەتەوەیی تورکەکان بەڕێوەدەبرێت، لەگەڵ تواندنەوەی غەیرە تورکەکان. لەوەشدایە کە نارەزاییە بەردەوامەکان و ململانێ ناوخۆییەکانی ناو ئەو وڵاتە هەرگیز کۆتاییان نەهاتووە. لە دوای دارمانی پرۆسەی ئاشتی پێشوو لە ساڵی 2015 دا و، پێش ئەوەی گەرێکی دیکەی دانوستاندنەکان دەست پێبکەنەوە، سەرکردەکانی تورکیا مەبەستیان بوو جارێ لە ڕێگەی هەژموونی سەربازییەوە پەکەکە لاواز بکەن. کارتی سەرۆك عەبدوڵڵا ئۆجەلانیشیان بۆ ئەو کاتە هەڵگرت کە ئامادە دەبن و بەپێی ویست و مەرجەکانی خۆیان پرۆسەی ئاشتی دەست پێبکەنەوە. دوای دەرچوونی بانگەوازی پێشبینیکراوی ئۆجەلان لە کۆتایی ئەم مانگەدا، چاوەڕوان دەکرێت ئەندامانی پەکەکە، کە دەمێکە لە شەڕدا ماندوو بوونە، بەدوو دەنگەوە بێن و لە ڕێگەی پارتە سیاسییە شەرعییەکانەوە (وەك پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان) بگوازرێنەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی لە تورکیا. پاشان پێدەچێت تورکیا لە ڕێگەی یاسایەکی نوێوە لێبووردن بۆ ئۆجەلان و پەکەکە رابگەیێنی و دواتر وردە وردە هەژموونی پاوانخوازانە بەسەر ئەو شارە زۆرینە کوردانەی تورکیادا خاو بکاتەوە.

عێراق
بۆ عێراق و کوردستانی عێراق، ناکۆکییەکانی ناو تورکیا سەرچاوەی هەڕەشەن و پرۆسەی ئاشتیش لەو وڵاتەدا هاندەری خۆشگوزەرانی و پەرەسەندنە. تاوەکو ئێستا هەردوو هێزی چەکداری تورکیا و پەکەکە بنکەی سەربازی بەهێزیان لە کوردستانی عێراق دامەزراندووە و هەندێك لە سەرنجراکێشترین ناوچە شاخاوییەکانیان کردووەتە ناوچەی شەڕ. تورکیا لە ماوەی دەیان ساڵ دا چەندین جار عێراقی داگیرکردووە بە درۆون و فرۆکە لە قووڵایی هەرێمی کوردستان دا هێرشی ئەنجامداوە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەردوو پایتەخت بەغدا و هەولێر بە عەسکەرتاری (میلیتاریزە) کردووە. لە هەمان کاتیشدا تورکیا چاوی لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیەتی لەناو عێراق، وەك بواری وزە و بازرگانی و پەرەپێدانی ژێرخان. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە سەرکردەکانی کوردستانی عێراق بە بایەخێکی زۆرەوە سەیری رووداوەکان دەکەن و لە گفتوگۆی فرەلایەنە و ئەودیوی سنوورەکانیشدا بەشدارن. دەزانن کۆتاییهێنان بە ململانێی نێوان تورکیا و پەکەکە بە مانای هەرێمێکی سەقامگیرتر بۆ کورد و پەیوەندییەکی زۆر تەندروستتر لە نێوان عێراق و تورکیادا دەبێت.

سووریا
ململانێیەکان لە ناوخۆی تورکیادا کاریگەریان لەسەر کوردانی سووریا و ئیدارەی رۆژئاڤا لە وڵاتەکانی دیکەدا زیاترە و هەر ئەوانەش زۆرترین قازانج لە پرۆسەی ئاشتی وەردەگرن. پێدەچێت عەبدوڵڵا ئۆجەلان داوا لە چەکدارانی پەکەکە بکات کە لە سووریا بکشێنەوە و، دۆزی کوردی سووریا بۆ سەرکردە کوردە سورياییەکان بەجێبهێڵن، بۆ ئەوەی دوور لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی یان هەڕەشەی تورکیا بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچانە، لەگەڵ هاونیشتمانەکانیان لە دیمەشق دا دانوستاندن بۆ داهاتوویان بکەن. لەوانەیە تورکیاش خۆی و پرۆکسییەکانی لە هێرش بردنە سەر رۆژئاڤا بەدوور بگرێت. لە مێژە کورد و دانیشتووانی غەیرە کورد لە باکوور و رۆژهەڵاتی سووریادا تووشی دابڕان و پشتگوێخستن بوونە. لە ماوەی دەیەی رابردوودا لە رێگەی شەڕی مان و نەماندا لە بەرامبەر داگیرکاری داعش دا خۆیان بە دونیا ناساند. ئێستا، ئەوانە بۆ هاووڵاتیبوونی یەکسان تێدەکۆشن و بۆ زامنکردنی مافە مرۆیی و سیاسی و کولتوورییەکانیان خەبات دەکەن. نایانەوێت جارێکی دیکە لەناو دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەرەبی نەژادپەرست دا بتوێندرێنەوە.
سەرکردەکانی کوردی سووریا ئاگادارن کە ئەنقەرە و دیمەشق فیدرالی تاقانە و تایبەت بە رۆژئاڤا قبوڵ ناکەن، بەڵام رەنگە ئاستێکی لامەرکەزیی کارگێڕی بۆ سەرجەم ناوچە و پارێزگاکانی سووریایان قەبوڵ بێت. خۆشبەختانە سەرکردە نوێیەکانی سووریا تائێستا بە تۆنێکی میانڕۆیانە لە کورد نزیک بوونەتەوە، بەڵام بەرچاوڕوونیان نەداوە کە چۆن دەتوانن مافەکانی کورد لە چوارچێوەی سووریایەکی یەکگرتوودا بەدامەزراوەیی بکەن. پێدەچێ لەوە تێگەیشتبن کە سووریای نوێ بە دووبارە چەسپاندنەوەی حوکمڕانی تاکڕەوانە و زێدە مەرکەزیانە یەک ناخرێتەوە. رێککەوتن لەسەر مۆدێلێکی تۆکمە لە بنەمای سەربەخۆیی کارگێڕی ناوچەیی لە سەرانسەری هەموو پارێزگاکان دا گرنگ دەبێ بۆ بنیاتنانی متمانە و پەرەپێدانی ئاشتەوایی و پاراستنی یەکێتی نیشتمانی.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی
کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە وڵاتانی عەرەبییەوە، تاوەکو رادەیەکی زۆر هاوسۆزی دۆزی کوردن و بە وریاییەوە سەیری پەرەسەندنی هەژموونی تورکیا لە ناوچەکەدا دەکەن. لە کاتێکدا دژی هەژموونی ئێران بوون لە سووریا، بەڵام نایانەوێت ببینن ئەو وڵاتە ببێتە دەوڵەتێکی وابەستەی تورکیا. زۆر گرنگە وڵاتانی رۆژئاوایی و عەرەبی گرنگی بەم پرۆسەیەی ئاشتی نێوان تورکیا و کورد نیشانبدەن و گوشار بخەنە سەر سەرکردەکانی تورکیا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دراوسێیەکانی باشووری خۆیان، بە تایبەتی سوریاییەکان چاك بکەن. بە داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد لە چوارچێوەی سووریایەکی یەکگرتوودا، پێویستە پارمەتی دیمەشق و کوردی سووریا بدەن کە بە شێوەیەکی بنیاتنەر کار لەیەکتر بکەن و بە دانوستاندن داهاتووی خۆیان وێنا بکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی خێراتر گێڕانەوەی سەروەری بۆ سووریا و بەشداریکردن لە سەقامگیری ناوچەکەدا.
پرۆسەیەکی ئاشتی گشتگیر لەگەڵ کورد پێگەی تورکیا لە رۆژئاواش بەرز دەکاتەوە. ئەمەریکا و ئەورووپاییەکان پشکیان لە سەقامگیری لە ناوچەکەماندا هەیە و بەدرێژایی ساڵان سەرمایەی سیاسی و دارایی و سەربازیی گەورەیان بو ناوچەیە بەخشیوە. ئاشتییەکی بەردەوام لە نێوان تورک و کورد دا دەتوانێت داینامیکی ئاڵۆزی ئەمنی نێوان تۆڕی ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکانی ناوچەکە شل بکاتەوە. لە هەمان کاتدا ململانێ سنووربەزێنەکان، تووندڕۆیی تووندوتیژانە،

ئاوارەبوونی دانیشتووان (لەوانەش پەنابەران) و بەربەستەکان لەبەردەم وەبەرهێنانی ئابووری کەم بکاتەوە. ئەمەیە کە ڕۆژئاوا بەدوایدا دەگەڕێت. لە بەرامبەردا ڕۆژئاوا دەتوانێت هاوکار بێت بە بەکارهێنانی چەندین هێڵی کاریگەری خۆیان بۆ هاندان و پێشخستنی گفتوگۆی قووڵتر و دامەزراوەییتر لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەکەدا. پێدەچێ ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆک دۆناڵد ترامپ دا داکۆکی لە ئاشتی و هاوبەشی ئابووری لە ناوچەکەماندا بکات، ڕەنگە پێشوازی لە پرۆسەی ئاشتی کورد و تورکیا بکات، کە سەرئەنجام دەتوانێت ڕێگە خۆش بکات بۆ کەمکردنەوەی بوونی سەربازی ئەمریکا لە سووریا.

لەکۆتاییدا

پرۆسەی ئاشتی تورکیا و کورد دەرفەتێکی ناوازە بۆ سەرکردەکانی تورکیا پێکدەهێنێت بۆ ئەوەی سیاسەتێکی سەرتاسەری بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی پرسی گەورەتر و فراوانتری کورد، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی تورکیا؛ و بە دیوەکەی دیکەشەوە، دەکرێ سەرکردەکانی کورد لە سەرانسەری ناوچەکە ئەم دەستپێشخەرییە لە باوەش بگرن و بیکەنە نەخشەڕێگەیەک بۆ ئاشتییەکی بەردەوام. پێویستە تورک و کورد کراوەبن بۆ بانگهێشتکردنی ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی دیکە بۆ ئەوەی ڕۆڵی بنیاتنەر بگێڕن و وەبەرهێنان لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی ناوچەیی فراوانتردا بکەن.

* د. دلاوەر عەلائەدین، سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ توێژینەوە

سایتی ڕوداو

## کچەکە و ئۆتۆمبێلی ئایسکرێمەکە
## وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە
## چنار عەزیز



کچێک لە ژووری نووستنەکەی دانیشتبوو، لەپەنجەرەکەوە سەیری خوارەوەی شەقامەکەی دەکرد و چاوەڕێی هاتنی وەرزی هاوینی دەکرد.
دەیویست ئایسکرێم بخوات و بچێت بۆ مەلەکردن. حەزی لە سەیران و شووتی بوو.
لە چاکەت و دەستکێشی زستانە و ئاسمانی خۆڵەمێشی و بەفر، بێزار بوو.
دایکی گوتی، کاتمان ماوە بۆ هاتنی وەرزی هاوین.
باوکی گوتی، بەفری زیاتر دەبارێت.
هێشتا لەبەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتبوو و چاوەڕێی هەندێک نیشانەی هاتنی هاوین بوو.
هەر لەو کاتەدا، ئۆتمبێلێکی ئایسکرێمی بینی کە بە شەقامەکەدا دەڕۆیشت.
کچەکە هاواری کرد: ئۆتۆمبێلی ئایسکرێم! ئەوە دەبێ بەو مانایە بێت کە ئێستا هاوینە!" .
ڕایکرد و پۆشاکی هاوینەی لەبەرکرد و کڵاوەکەی کردە سەری.
بە پلیکانەکاندا ڕایکردە خوارەوە و لە دەرگاکە ڕۆیشتە دەرەوە.
سەیری زەوی کرد، پێیە رووتەکانی دەبینێت، کە لەناو سەهۆڵدایە.
"بە غەمبارییەوە گوتی، بەڵام...بەڵام... ئۆتۆمبێلی ئایسکرێمم بینی!"
کاتێک سەری بەرز کردەوە بینی ئۆتۆمبێلی ئایسکرێمەکە گۆشەکەی دەگۆڕێت و دەچێتە ناو دوکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکەوە.

## نــازدارو دڵی ئازا
## ن: مامۆستا ڕێزان شەریف محەمەد، بەریتانیا



لە گوندێکی بچووک و دڵگیردا کە بە گردو شاخ و سەوزایی دەورە درابوو کچێکی میهرەبان بە ناوی نازدار دەژیا. زۆر حەزی لە هەڵگرتنی گوڵی جوان و گەشاوە بوو ، وە خۆراکی بە باڵندەکان دەدا لەگەڵ هاوڕێکانیدا.
بەڵام هەر کاتێک کەسێک تووشی کێشە دەبوو، نازدار هەستی بە شەرم و ترسی زۆر دەکرد بۆ ئەوەی یارمەتی بدات.
لە دوای نیوەڕۆیەکی فێنک دا نازدارو منداڵەکانی دیکە کە لە نزیک ئەو دارە کۆنە گەورەی ناوەڕاستی گوندەکە یارییان دەکرد. لەناکاو باڵندەیەکی بچووک کە باڵێکی ئازاری هەبوو لە لقەکانەوە کەوتە خوارەوە و لەسەر زەوی نیشتەوە.
منداڵەکان هەناسەیان هەڵکێشا.
- ئای نا! باڵندەیەک! ئازاد هاوارێکی کرد.
با ڕابکەین! لەیلا هاوارێکی کرد.
دڵی نازدار دەستی کرد بە لێدان. ئەو ویستی یارمەتی بدات، بەڵام دەستەکانی هەستیان بە لەرزین دەکرد. سەیری باڵندە بچووکەکەی کرد، باڵەکەی چەمابوو، چاوەکانی بە نەرمی دەتروکاند.
پاشان بیری هاتەوە کە داپیرەی هەمیشە پێی دەگوت:
میهرەبانی ئازاترین شتە کە دەتوانیت بیبەخشیت.
نازدار هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی. لە تەنیشت باڵندە بچووکەکەوە ئەژنۆی دا و بە نەرمی هەڵیگرت. پەڕەکانی وەک هەور نەرم بوون.
بە چرپە گوتی: ئەوە هیچ نییە، بچووکەکەم
منداڵەکانی تر بە بێدەنگی سەیرییان دەکرد.
نازدار لەناو سەبەتەیەکی بچووکدا جێگایەکی نەرم لە گەڵا و گوڵی دروست کرد. ئاو و نانێکی بچووکی دا بە باڵندەکە. نازدار هەموو ڕۆژێک گرنگی بەو باڵندە بچووکە دەدا و باڵەکەی پاک دەکردەوە و گەرمی دەکردەوە.
دوای هەفتەیەک باڵندەکە باڵەکانی لێدا و بە خۆشییەوە چریەی کرد.
کاتی ئەوە هاتووە تۆ بفڕیت! نازدار چەپڵەی لێدا.
هەموو گوندەکە کۆبوونەوە کاتێک نازدار سەبەتەکەی بەرزکردەوە. باڵندەکە بە ئاسمانی شین دا هەڵفڕی و بەرز بوو بەسەر شاخەکان دا.
منداڵەکان چەپڵەیان لێدا.
- تۆ زۆر ئازا بووی نازدار ئازاد وتی.
لەیلا زەردەخەنەی کرد: تۆ میهرەبانترین کچیت لە گوندەکەدا.
نازدار هەستی بە شانازی دەکرد، دڵی زۆر خۆش بوو.
لەو ڕۆژەوە نازدار زانی کە بوێری ئەوە نییە کە گەورەترین یان دەنگ بەرزترین بێت. پەیوەندی بە میهرەبانییەوە هەیە، تەنانەت کاتێک دەترسیت.
وە لە گوندە بچووکە دڵگیرەکەدا کە بە گردو شاخ و سەوزایی دەورە درابوو ، دڵی ئازای نازدار بوو بە چیرۆکێک کە هەمووان دەیانگێڕایەوە – چیرۆکێک دەربارەی میهرەبانی و بوێری و باڵندەیەکی بچووک کە فێری فڕین بووەوە.

# ئازادی لای هانا ئارێنت

سیروان حەمە ڕەشید



هەڵبەتە لێرەدا گرنگ لەڕوانگە و دیدگا و تێگەیشتنی "هانا ئارێنت"ەوە خوێندنەوە بۆ مانا و چەمکی ئازادی بکەین و لە چییەتی ئەرکی وکایە و فەلسەفە سیاسی و پانتای گشتی و شۆڕشەوە ئازادی هزری ژنە فەیلەسوفی بەڕەگەزنامە ئەمریکی و بەبنچە ئەڵمانی بخەینەروو.
بابزانین هانا ئارێنت وەک ژنە فەیلەسوفێکی دیار و کاریگەری سەدەی بیستەم خویندنەوە و ڕوانگەی فەلسەفی بۆ شۆڕش و ئازادی چییە؟
بێگومان ئەم ژنە فەیلەسوفە سەراپای ژیانی تایبەتی خۆی لەپێناوی ئازادی تاک و مرۆگەری و تەرخانکرد، بەچەشنێک وەک ئازادیخواز و مرۆڤدۆستێکی بەرچاوی ناو مێژووی هزر و فەلسەفەی سیاسی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی خۆرئاوا دەرکەوت و ڕۆڵ و نەخشی لەناسندینەدا هەبووە.
گومانی تێدا نییە مێژووی هزری سیاسی خۆرئاوا منەتباری ئەم بیرمەندیە، ، خۆشبەختانە ئێستاکە بەشی زۆری نوسین وکتێبەکانی لەلایەن دەزگا و چاپەمەنییە کوردییەکانیەوە کراونەتە کوردی .
دیارە فەلسەفە و نوسینەکانی هانا ئارێنت بایەخی زۆریان بۆ خوێنەر و نیوەندی ڕۆشنبیری جڤاتی ئێمە هەیە و بەچەشنێک ئاشنامان دەکات بەفەلسەفە و دیدگا و هزر و تێگەیشتنی و ناساندنی چەمك و چییەتی ( رووبەری گشتی و شۆڕش و ئازادی سیاسی) ئەم فەیلەسوفە مەزنە.
ئارێنت بەڕوانین و تێگەیشتنکی فرە ڕەهەند و قوڵەوە شرۆڤەی پرسی ڕووبەرێ گشتیی و شۆڕشی و ئازادی هێناوەتە بەرباس و گفتوگۆوە .
وەک فەلسەفە و چەمک لای ئارێنت بریتییە لەپیادەکردنی ئازادی سیاسی لە سەر ڕووبەری گشتی و ئازادی سیاسی پێوابوو کاتێک دەستەبەری ئازادی دەکرێت کە سیاسەتکردن و گفتوگۆی وەک میکانیزمێک بۆ سەلماندن و پەیڕەوکردنی زەمینەی یەکسانی و فرەیی و بیرکردنەوەی لەجەوهەری سیاسەت لەنێو پانتایی گشتیدا پراکتیزە بکرێت ،
چونکە لای ئاریێت بۆ ئەوەی ئازادی هەبێت زۆر پێداگری لەخۆشکردنی زەمینەی ڕووبەری گشتی و فەلسەفەی سیاسی ، واتە ئارێنت بۆچۆنی وایە کە پرسی ئازادی پەیوەستە بە بیرکردنەوەی بێ کوت و بەند کراو و بێ سانسۆر.
هانا ئارێنت بۆ دەستەبەری ئازادی سیاسی دەگەڕێنتەوە بۆ مێژووی سیاسی و ئەزموون و پاشخانی دەوڵەتەشار و سیاسەت لە سەردەمی یۆنان و ڕۆمانییەکاندا.
ئەو پاشخانەش دەبەستێتەوە بەتەوزیفکردنی ئازادی "ئاگۆڕا"دا و وەک کەش و زەمینەک لە گوزارشتکردن و کرداری ئازادییە سیاسیەکان و گۆڕەپانی کۆبونەوە و گفتوگۆی سیاسی و بریارەکان ، ئارێنت لەشوێنکدا "دەڵێت: لەدەرەوەی سیاسەت ناتوانین قسە لەئازادی بکەین" واتە بەپێی سیاسەت مومکین نییە باس لە ئازادییەکان بکەین، ئەمە بەو مانایە دێت کە تاک بەشداری کارا و بەردەوامی لەدەسەڵاتی دەستەجەمعیدا هەبێت و هەست بەچییەتی خۆی بکات
لەسەر شۆڕش و ئازادی هانا ئارێنت پێیوایە تێگەیشتن لەشۆڕش وەک ئەزموونێکی سیاسی پێویستبوونی شۆڕش بۆئەوەیە کە ئازادیی سیاسی لە کایەکانی ژیاندا بەرجەستەکراو بێت و ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و ڕەفتار و کرداری تاکەکانی هەبێت.

دیارە ڕوانگەی ئارێنت بۆ چییەیتی شۆڕش بریتییە لەپێناو ئازادیدا بێت و ڕووبەری گشتی و لەگەل ئەوشدا ڕوانگە و تێگەیشتنی وابوو کردار و جوڵە تەنها لەو شۆڕشانەدایە کە ئامانجی بنەڕەتی گەیشتنە بەئازادی سیاسی، پێیوایە ئەگەر شۆڕش پشتی بەتوندوتیژی بەست ئەوا شۆڕشەکە پەیوەندی بە ئازادییەوە نییە ودواجار دەگۆڕێت بۆ جەنگ و و سەرکوت و مۆنۆپۆلی دەوڵەت و دەسەڵاتگەری ، لەوڕوانگەیەوە هانا ئارێنت لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئەمریکیدا بوو ڕای وابوو کەئەو شۆڕشە ڕووحی ئازادی و یەکسانی لەهەمو جێگەیەکدا بڵاو کردەوە و ڕۆڵی لەهۆشیارکردنی نەتەوەکانی ئەوروپادا هەبووە، ئارێنت تایبەتمەندی هەمو شۆڕشک لەوەدایە کەستراتیژی فەلسەفی و سیاسی بۆ دروستکردن و جێگرکردنی ڕووبەری گشتی و ئازادیی سیاسی دەبینی کە کرۆک و شوناسی سیاسەت بەواتای ئازادی دێت .
لەدیدی ئارێنتتەوە شۆڕش بۆ ئەوە نەهاتووە تا خەڵکی لەهەژاری ڕزگار بکات، بەڵکو ئەرکی سەرەکی دابینکردنی ڕووبەرێکە بۆ پیادەکردنی ئازادییەکان.
هانا ئارێنت ئەو فەیلەسوف و بیریارە جوو بوو کە تاڵاوی ستەمکار و ڕاودوونانی دەسەلاتی نازیزمی ئەڵمانی چێشتووە ، بۆیە هەرچی تواناو هزری هەبوو لەپێناو سەرخستنی ئازادی مرۆڤدا کردوی و تەنانەت وەک فەیلەسوفێکی جولەکە زۆر سەرسەختانە ڕەخنەی لەسیاسەتی زایۆنیزم و پرۆژی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل هەبوو ،
ئارێنت خوازیاری ئەوەبوو دەوڵەتێکی بەهاوبەشی نەتەوەی عەرەب و جووەکان لەفەڵەستین دامەزرێت .
ئەوە ماوە بیڵێین ئەوەیە دوای پتر لە حەفتاساڵ لەتێزی ئازادییەکەی ئارێنت ، ئێمە لەساڵی 2025 هێشتا جڤات و کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە لەسەرەتاترین پیادەکردنی ئازادییەکان بی بەشن و ئاسۆی بەریخستنی شۆڕش و جوڵانەوەیەکی سیاسی و فیکری و ستراتیژی نادیارە و گەیشتن بە ئازادی سیاسی کۆسپی هەرە سەرەکی نەبوونی ڕووبەری گشتی و بوونی کەشیکی ترسناك و تاریک و داگیراوە کەهیچ هیوایەک بۆ بەدیهێنانی ئازادی وئەفراندنی ڕووبەری گشتی و مەدەنی و دەسەڵاتێکی عەقلانی لەئارادا نییە...
بۆ نوسینی ئەم وتارە سودم لەم پەرتوکە بینیوە

1 - فەلسەفەی سیاسی هانا ئارینت - وەرگیرانی_ ریبین رسول ئیسماعیل _ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم_

لە ڕووی جیهاندا، تۆ وەرە پاک بە
ئەوسا لە واتەی خەڵکی بێباک بە
هیچ کەس لە واتەی خەڵک ڕزگار نابێ
پیاوی قین لە زگ، قەت بە یار نابێ
بە هیوای هاوسێ، بێ چێشت ئەمێنێ
چاوەڕێی دەست بی، هەر خەو ئەبینێ.
چاو مەبڕەرە دەست، خراپ فێر ئەبی
بە پارووی خەڵکی، درەنگ تێر ئەبی!
کە قەلبی «ئیقباڵ» لابقائییە
بە کەم هەڵکردن، پادشاییە
تا خۆت دۆست نەبی، کەس نابێ بە کەس
چەپڵە لێ نادرێ، بە تەنها یەک دەس.
بۆ دۆستت چاکە، غەیر بێئەنجامە
ماڵ ڕاوەستابێ، مزگەوت حەرامە
بۆ دونیا دەبێ دەست بدەیتە دەست
هیچ کەسێ، هیچ کەس ناباتە بەهەشت
دەوران دەوڵەتت لە دەست دەسێنێ
بەڵام ناوی چاک تا سەر دەمێنێ
نییەتت چاک بێ، ئیش دەبەیتە سەر
درەخت «زڕ» نەبێ، هەر بۆت دێتە بەر

**پیرەمێرد**



# بناغەی پەروەردەی سەردەم، خۆشەویستییە

ڕەووف محەمەد ئالانی

ئەوەی بۆتە هۆکاری نوسینی ئەم وتارە لای بەندە، کەمبایەخی و بەهەند وەرنەگرتنی خۆشەویستییە لە ناو پرۆسەی پەروەردەدا، یان وەدەرنانی هەست و سۆزە لە و بوارەدا.

ڕۆژانە لەڕێی تۆڕەکانی سۆشیالمیدیاوە، چەندین هەواڵی ناخۆشی شکاندنی هەستی خوێندکاران دەبیستین، بەڵام کاردانەوەکان بۆ چارەسەرکردن و بنەبڕکردن، جێی ڕەزامەندی دڵی خەڵک نین، ئەوەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، بەشێکیان دروستکراون و بەشێکیشیان پەیوەستن بە شێوازو سستمی پەروەردەی ئەم هەرێمەوە.

لەبەر ئەوەی پرۆسەی پەروەردە مامەڵەکردنی مرۆڤە لەگەڵ هەست و سۆزدا، هەرکاتێ بە گیانێکی مرۆڤدۆستانە و لەبەرچاوگرتنی شکۆی مرۆڤ، ئەو پرۆسەیە خرایە بواری پراکتیکییەوە، ئاکام و ئەنجامی باش بەدیدێنێت.

دەکرێ پەروەردە وا پێناسە بکەین کە پرۆسەی ئاراستەکردنێکی پەروەردەیی ڕێنماییە لە پێناو ئامانجێکی گەورەی ژیان، ئەویش گەشەپێدانی تاک و بەرزکردنەوەی توانا و کارامەییەکان و لێهاتووییەکانی.

پەروەردەکردنیش لایەنی جیاواز لەخۆدەگرێت بۆ تاک لەوانە: لایەنەکانی دەروونی و سۆزداری و جەستەیی.

پێمباشە خۆشەویستیش هەڵویستەی لەسەر بکەین و بزانین چیە و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی لەناو پرۆسەکەدا چین؟

دەکرێ بڵێین خۆشەویستی هەستێکی ئەرێنی ڕوحی بەهێزە کە مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

یان دەکرێ بڵێین هەستێکی دڵخۆشکەری پڕ ڕێزی ئەرێنییە، دەردەبڕدرێت بۆ کەسی بەرامبەر.

خۆشەویستی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی تاکدا، وادەکات ڕوناکییەکەی وەک تیشکی خۆر پەخش ببێت بەسەر زەویدا و ناو کۆمەڵگەش ڕوناک بکاتەوە، بەو پێیەی دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەست و ڕەفتاری تاک و کۆمەڵ هەبێت.

ئەکرێ نزیکی و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان پەروەردە و خۆشەویستیدا هەبێت، چونکە پرۆسەی پەروەردە بەبێ بونی خۆسەویستی ناگاتە ئاکام. لەم ڕوانگەیەوە ئەبێ پەیوەندی گرنگ و بەهێز لە نێون فیرکار(مامۆستا) و فێرخواز(قوتابی) هەبێت لەسەر بنچینە و بنەمای ڕێز و خۆسەویستی، کە ئەمەش هەنگاوەکانی پرۆسەی فێربون خێراتر و باشتر دەکات.

ئەوە سەلمێنراوە کە خۆشەویستی بەرکەماڵ، ژیانیش پڕ دەبێت لە ئومید و هیوا و متمانە و سەرکەوتن. بۆیە نوسەری گەورەی ئینگلیز(شکسپیر) وتویتی: (خۆشەویستی ئومێدە، هیواش ژیانە).

پەروەردەکردن لەسەر بنەمای خۆشەویستی دەتوانێت زۆر سەرکەوتوو بێت، بەو پێیەی خۆشەویستی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەشەپێدانی تاک و بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتووییەکانی. لێرەدا چەند هۆکارێک دەخەینەڕوو کە بۆچی پەروەردەکردنی خۆشەویستی کاریگەرە و بەسودە بۆ منالان لە پەروەردەدا، کە ئەمانەن:

1- دروستکردنی متمانە: خۆشەویستی دەتوانێت متمانە لە نێوان تاکەکاندا بونیادبنێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی دروست.

2- بەهێزکردنی پەیوەندییەکان: پەروەردەکردنی منال لەلایەن دایک و باوک لەسەر بنەمای خۆشەویستی دەتوانێت پەیوەندی نێوان تاکەکان باشتر بکات، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ.

3- جێگیرکردنی هەستی ئارامی: خۆشەویستی دەتوانێت هەستی ئارامی تاک بەرز بکاتەوە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی بەهێز.

4- ڕەخساندنی تەندروستی دەروونی: پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر بنەمای خۆشەویستی دەتوانێت تەندروستی دەروونی تاک باشتر بکات، یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی فشار و دڵەڕاوکێ و نائارامی.

پەیوەندی نێوان پەروەردە و خۆشەویستی پەیوەندییەکی نزیک و بەهێزە، و دەتوانین بەم خاڵانە ئاماژەی بۆ بکەین:

1- خۆشەویستی یارمەتیدەرە لە پەروەردەکردندا: بە دابینکردنی ژینگەیەکی پاڵپشت و هاندەر بۆ تاک.

2- پەروەردە خۆشەویستی بەرز دەکاتەوە: پەروەردە دەتوانێت خۆشەویستی بەرز بکاتەوە بە فێرکردنی بەها تاکە کەسییەکان و بنەما ئاکارییەکان.

خۆشەویستی و پەروەردەکردن بەیەکەوە گرێدراون، بەو پێیەی خۆشەویستی دەتوانێت کاریگەری لەسەر کوالیتی فێرکردن هەبێت، فێرکردنیش دەتوانێت کاریگەری لەسەر کوالیتی خۆشەویستی هەبێت.

نوسەران و شارەزایانی بواری پەروەردە و کۆمەڵناسی پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر بنەماکانی خۆشەویستی و سۆز لەگەڵ پتەویی و بەهێزی منداڵ دروست دەکەن کە لە ژیانی داهاتوویاندا سەرکەوتووترئەبن، چونکە فێرکردنی منداڵان لە ڕوانگەیەکی خۆشەویستییەوە چەمکی پابەندبوون و دیسیپلین، یارمەتیان دەدات بۆ گەیشتن بە توانا تەواوەکانیان بەبێ ئەوەی پێویستیان بە بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەکردنی ستەمکارانە هەبێت. کەواتە ئەو بنەمایانە دەبنە سەرچاوەی دروستبونی هەستی مرۆڤی ئاشتیخواز و ڕەخنەگر لە چەوسانەوە و ئازاردان و نادادی کۆمەڵایەتی لە داهاتووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

هەر بۆیە ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێت ببین بە کۆمەڵگەیەکی شارستانی و سەردەمیانە، پێویستە هەنگاو بنێین بۆ دامەزراندنی سستمێکی پەروەردییانەی وابەستە و گرێدراو بە خۆسەویستی، نەک ڕق و کینە و ئازاردان و شکاندنی هەستە پاکەکانی منالان .

ئەوەی گرنگە بەشێوەیەکی ورد کار لەسەر شێوازی دروستکردنی سستمێکی پەروەردیی گونجاو بکرێت، کە خۆسەویستی بکرێتە بنچینەی پەروەردە، ئەو کاتە پرۆسەی فێربون و ئاستی بەرزی کوالیتی خوێندن بەدیدێت.

نەک هەر پەروەردە بەڵکو ژیان بەگشتی بەبێ بونی خۆسەویستی تام و بۆی خۆشی و ئارامی و ئاسودەیی نادات.

وتارەکەم بە وتەیەکی ئەرستۆ فەیلەسوفی یۆنانی کۆتایی پێدەهێنم کە وتویتی: (خۆشەویستی ژیانە، ژیانیش خۆشەویستییە).

سەرچاوەکان:

١- التربية بالحب : اهمية وضرورة الاجتماعية (شبكة المعارف الاسلامية).

2-احمد حسن (اثر الحب في التربية).

3-اقوال المشاهير عن الحب

mawdoo3.com



# کچۆڵە سانی ریتەر پیانۆژەنێکی جیهانییە

## رەزا شوان



پیانۆژەنی پەرجوو (موعجیزە) سانی ریتەر، لە تەمەنی دوو ساڵییەوە دەستی بە ژەنینی پیانۆ کرد و چێژێکی خۆشی لێوەردەگرد. لە ئێستادا کیژۆڵەیەکی شۆخ و شەنگە و یەکێکە لە پیانۆژەنە بەناوبانگەکانی جیهان و بە دیان کۆنسێرتی کردووە و لە چەندین فێستیڤاڵی نیۆدەوڵەتی بۆ موزیک، بە ژەنینی پیانۆ بەشداریی کردووە.

سانی ریتەر لە شاری (ڤیێنا) ی پیایتەختی نەمسا لەدایک بووە. لە تەمەنی (٦) ساڵیدا بەشداریی لە پێشبڕکێی موزیکی نێودەوڵەتی لە سەرانسەری ئەوروپادا کرد. سەرکەوتنێکی گەورە و خەڵاتی یەکەمی لە گروپی هاوتەمەنیدا بەدەستهێنا و مەدالیای زێڕی بردەوە. لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنیشدا دەرکەوت و پیانۆی ژەنی و بینەرانی سەرسام کرد و خەڵاتیان پێبەخشی. لەو تەمەنەوە پیانۆژەنین بووە بە بەشێک لە ژیانی رۆژانەی و بە دوای داهێنانەوەیە لە موزیکدا.

سانی ریتەر لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا، لە موزیکدا، رۆڵی: (باخ، مۆزارت، شۆبێرت، سۆپین) ی گێڕا. پارچە موزیکییەکانی ئەم موزیکژەنە جیهانییانەی بە ستایلێکی نوێ دەژەنی. لێرەوە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد. بە منداڵێکی پەرجوو ناسرا.

سانی لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا، کۆنسێرتی تایبەتی لە ژەنینی پیانۆدا پێشکەش کردووە.

سانی ریتەر، لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا، خوێندنی ئامادەیی لە زانکۆی موزیک و هونەرە جوانەکان لە ڤیێنا تەواوکرد. لە دوای وەرزێکی خوێندن لە زانکۆ، چووە پەیمانگای شاهانەی موزیک لە شاری تۆرینتۆ لە کەنەدا، لە پۆلی دکتۆر مایکل بیرکۆڤیسکی دا.

لە هەمان کاتدا، دەستی بە کاری رۆژنامەگەریی کرد.

سانی ریتەر، لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی (٢٠١٩) دا، روویی بۆ کەنەدا ـ دایک و باوکی بە رەسەن کەندین ـ پەیوەندیی بە ستۆدیۆی مامۆستاکەی دکتۆر (مایکل بێرکۆڤسکی) لە ئاکادیمیای تایلۆر، لە پەیمانگای شاهانەی موزیک کرد.

سانی بە هۆی پشتگیریی ئان کۆانی، سکۆلەشیپێکی (خوێندن بەخشین لە زانکۆ) تەواو ورگرت. لە ساڵی (٢٠٢١) دا لە زانکۆ مۆزارتیۆمی لە شاری سالزبۆرگ لە نەمسا، درێژەی بە خوێندن داوە. لە ساڵی (٢٠٢٣) دا، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە موزیکدا بەدەست هێناوە.

سانی بۆ یەکەم جار لە ساڵی (٢٠٢٢) دا، وەک پیانۆژەنێکی پیشەیی ناسرا. لە پێشبڕکێی نێودەدەوڵەتی پیانۆی (میهایلا) لە رۆمانیا دەرکەوت. خەڵاتی وەرگرت.

پیانۆژەنی ئەفسانەیی وەک (ئەلفرید برێندێل) کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شێوازی بەرەپێدان و شارەزایی پیانۆژەن سانی رویتەر هەبووە.

سانی ریتەر لە (٣٠) پێشبڕکێی نیۆدەوڵەتی بۆ موزیک لەم دەوڵەتانەدا: کەنەدا، نەمسا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، رووسیا، رۆمانیا، پۆڵەندا، ئیسپانیا، ئەمریکا

بە ژەنینی پیانۆ بەشداریی کردووە، خەڵات و بڕوانامەیان پێشکەشی کردووە.

سانی ریتەر، لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانی، لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتی (ئەلشتاینواى) لەگەڵ کۆمەڵێک موزکژەنی بە تەمەن لە خۆی گەورەتر، بەشداری کرد و خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێنا.

سانی ریتەر، براوەی پێشبڕکێی کۆنسێرتۆی لاوان بوو لە نیویۆرک ـ ئەمریکا.

لە پێشبڕکێی سالزبۆرگ بۆ موزیک ، سانی خەڵاتی مۆزارتیۆمی وەرگرت.

سانی لە ساڵی (٢٠٢٢) لە پێشبڕکێی موزیک لە پاریس خەڵاتی یەکەمی وەرگرت.

سانی لە (٢٤/ ئادار/ ٢٠٢٥) لەسەر شانۆی گاریباڵدی لە پارلیمۆ، بە سپۆنسەری هاورێیانی موزیکی سیسیلی، کۆنسێرتێکی پیانۆژەنینی پێشکەش کرد.

سانی، کاتێک کە پیانۆ نەژەنێت، چێژ لە خلیسکان و لە مەلەکردن و لە فیلمسازی وەردەگرێت.

سانی، ژمارەی پێوانەیی (گلین گۆڵد) ی شکاند و خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنا.

سانی ریتەر، براوەی خەڵاتی (گۆڵدن نۆت) ە، وەک باشترین پیانۆژەن لە نەمسادا.

سانی ریتەر، تا ئێستا لە چەند فیلمێدا بەشداریی کردووە و رۆڵی نواندنی هەبووە. ، لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا لە دوو فیلمدا بەشداری کرد. فیلمئ (پیانۆژەنی بەناوبانگ) و فیلمی ( ئەستێرەکان و بەهرە) لە دەرهێنانی لیۆنا کۆینگ.

وەک باڵیۆزێکی تازەپێگەیشتووی کۆمپانیای میوزیک تراڤلەر، سانی دەرهێنەر و رۆڵی سەرەکیی لە فیلمی (سانی یاریی هۆکی دەکات) و لە فیلمی (هاورەگەزبازان رووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە).

(*) بۆ ئەم نووسینە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.







# جـۆرەکـانـی زیـرەکـی
## عومەر مەحمود پیرۆت



زانای دەروونناسی [هاوەرد گاردنەر١٩٨٣]
تیۆری فرەجوری زیرەکی دانا . لەمیانەی ئەو تیۆرەوە بونی چەند جۆرە زیرەکییەکی دیاریکرد . لەوانە :

زیرەکی لـــۆژیکی :
بریتییە لە توانای چارەسەرکردنی کێشەکان . ئەمجۆرە زیرەکیە بەزۆری دەبەسترێتەوە بەجۆرێک لە زیرەکی ناگفتەیی (غیر لفظي ) ئەو منداڵانەی ئەمجۆرە زیرەکیەیان هەیە ، توانای شیکارکردنی مەتەڵ و یاریە ئەقڵیەکان و ژماردن و ئەنجامدانی پرۆسە ژمێریاریەکان و شیکاری کێشە ستراتیژیەکانیان هەیە .

زیرەکی زمانەوانی :
ئەو منداڵانەی ئەمجۆرە زیرەکیەیان هەیە ، کارامەن . توانایان بەرزە لە چالاکیەکانی وەک خوێندنەوەو قسەکردن و گێرانەوەی چیرۆک و نوکتەو نوسینی شیعرو فێربونی زمانەکان و یاریەکانی وشە.

زیرەکی پەیوەست بە شـوێنەوە :
ئەمجۆرە زیرەکیە توانای منداڵ دەردەخات لەسەر بیرکردنەوەی سێ رەهەندی ( پانی ، درێژی ، بەرزی ) . واتا ئەو کەسانەی ئەمجۆرە زیرەکیەیان هەیە ، زۆر باشن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە شوێن و ڕوبەرەوە . وەک وێنە کێشان و ڕەنگ کردن و نەخشەو تەماشاکردنی وێنە و چارەسەکردنی پێچ و پەنا و کوچەو کەلەبەرو شوێنە ناڕون و نادیارەکان . یان توانای ئەنجامدانی یاریەکانی بنیاتنان . میکانو بەنمونە

زیرەکی مۆزیکی :
نمونەی ئەو منداڵانەن توانای زکماکییان هەیە لە سەر فێربونی دەنگە جۆراو جۆرەکان کە دواجار دەگۆڕدرێ بۆ توانای گەورە لە دەنگبێژی و گۆرانی گوتن و چێژوەرگرتن لە مۆزیک و ژەنینی ئامێری مۆزیکی و ئاواز دانان و چێژ وەرگرتن لە ئاهەنگە مۆزیکیەکان و وەدوکەوتنی ڕیتمە جیاوازەکان . دەتوانن بە ئاسانی گۆرانی و ئاوازەکان لە بەربکەن .

زیرەکی جوڵەیی جەستەیی :
توانای بەکار هێنانی هەموو جەستەیە بۆ گوزارش کردن و دەربڕینی هەست و بیرۆکەکان و ڕێکی و هەماهەنگی لەبەکارهێنانی ماسولەکانی جەستەدا .
ئەو منداڵانەی زیرەکی جوڵەیی جەستەییان هەیە ، بەتوانان لەسەماکردن و نواندن و لاساییکردنەوەی ئاماژەکان و وەرزش و ڕاکردن و جولەو بازدانەدا .


زیرەکی سـروشتی :
توانای منداڵە لە خوێندنەوەو تێگەیشتنی سروشت و بونەوەرە زیندووەکان .
ئەو منداڵەی ئەمجۆرە زیرەکییەی هەیە ، هەست و هوشیاری بەهێزی هەیە لەبەرامبەر بونەوەرە زیندوەکان و تەنانەت نازیندەکانیش .

زیرەکی کەســی :
توانای منداڵە لەسەر تێرامان لە خود لەگەڵ هەستکردنی بەهێزە بە پێداویستیە تایبەتیەکانی و خۆناسین و بەهای خودی خۆی .
ئەم منداڵە دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بەکارایی دیاریبکات .
هەندێجاریش کارکردنی بە تەنهای پێخۆشە .


# حەمەی نێرگز و شیعرەکەی دڵشاد مەریوانی!!
## هێدی گەلاڵی

هونەرمەندی رەسەنی کورد خوالێخۆشبوو حەمەی نێرگز بەر لە کۆچی دوایی لە چاوپێکەوتنێکدا لە بارەی بەدەستهێنانی شیعری شاعیران بۆ کردنی بە گۆرانی وتی : ساڵانی حەفتاکان ئاکاری هونەری هونەرمەندانی گۆرانیبێژ لە ئاستێکی باڵا بوو بەوەی ، کە بە بێ پرس و ڕای شاعیران و خاوەن تێکست شیعر و دەقەکانی نەدەکرتە گۆرانی و لە پێناو دەستکەوتنی شیعری شاعیران ڕەزامەندی شاعیرەکانی وەردەگرت ئینجا ئاواز و دابەشکردن و مۆزیکی بۆ ئامادە دەکرد. بەر لە کۆچی هونەرمەند حەمەی نێرگز لە یەکێ لە کەناڵەکاندا لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت : لە پێناو شیعرێکی شەهید دڵشاد مەریوانی لە سلێمانییەوە بە تایبەت بەرەو بەغدا رۆشتم کە ئەوسا دڵشاد مەریوانی لەوێ بوو. کە بینیم و داوای شیعری (خەوی سەوز)م لێکرد کە شیعرێکی سۆزداری و خۆشەویستییە .. ئەویش یەکسەری پێشکەشی کردم .دواتر کە گەڕامەوە سلێمانی ئاوازم بۆ داناو کردمە گۆرانی . مەبەست لەو نوسینەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە ئەوسای پێش راپەڕین و ساڵانی حەفتاو هەشتاکان گۆرانی بێژانی کورد پەرۆش بوون بە دوای شیعرێکی جوان سەردانی خاوەنەکەشی دەکرد و داوای شیعری لێدەکرد ،کەچی لە دوای راپەرینەوە رێك پێچەوانە کەوتەوە ! گۆرانی بێژ هەبووە شیعری شاعیرێکی کردووە بە گۆرانی نەك هەر پرسی پێنەکردوە تەنانەت ناوی لە تایتلی گۆرانییەکەش نەنوسیووە !. لەبارەی ئاوازە ناوازەکان و گۆرانیە خۆشەکانی حەمەی نێرگزەوە ، :هاوڕێی شاعیرم حەمە عەباس لە کۆپڵە شیعرێکیدا دەڵێت

گۆرانییەکانی ادا بە دەست شنەبایەك
گوتی برۆن حەلاڵی هەموو کەسێ بن
ئەوەتا من بووم بە خودانی کۆپلەیەك لە گۆرانی
( بۆ بێ لەو چاوە کاڵانەت چی شك ئەبەم ).








# ڕەخنەگرتن پلەیە بۆ سەرکەوتن

## ڕزگار خدر مستەفا




ڕەخنە هەڵسەنگاندن و نیشاندانی لایەنی باش و خراپی بەرانبەرە ، واتە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی  هەر لە کەسایەتی و هەڵسوکەوت و پۆشاکەوە تا گفتوگۆ و نوسین، هەرکەس و کۆمەڵگەیەک توانای قبوڵکردنی ڕەخنەی نەبێت لە شوێن خۆی قەتیس دەبێ و بەرەوپێش ناچێت ، بەم پێیە قبوڵکردنی ڕەخنە باشترین پێوەری ئاستی  ژیری و هۆشیارییە بە مەرجێ ڕەخنە نەچێتە خانەی سوکایەتیپیکردن و ناوزڕاندنەوە، هیچ کات ڕێگە بە هاورێکەت یا کەسی بەرانبەر مەدە گاڵتە بە جەستە و کەم ئەندامی یا کەسایەتیت یان جلوبەرگت یا زمان و بنەچەت  بکات، ئەوە ناچێتە خانە ڕەخنەوە و هیچ کاتیش لە پێناو ڕەزامەندی دەوروبەر مەژی خۆت سەخڵەت مەکە، خۆ دیارە بەسروشتی خۆی هیچ کەس پێی خۆش نییە ڕەخنەی لێبگیرێت .

مرۆڤ بێ کەموکوڕی نییە، کامڵی تەنها لای پەروەدگارە،  هەندێ کەموکوڕی هەیە کە شاراوەیە و لەچاوی خۆماندا نابینرێ، بەڵام دەتوانین کەموکوڕیەکانی ئەوانی تر بە ڕوونی و بێ خەوش ببینین،  بۆیە دەبێت دوای دڵنیابوون لە نیازپاکی بەرانبەر، بە خۆماندا بچینەوە و ڕەخنەکە یارمەتیدەرمان بێت بۆ بەرەوپێش چوون و بە هێزبوون و لە بەرژەوەندی خۆمان بەکاری بهێنین و لێی سوودمەندبین ، لە عومەری کوری خەتاب ڕەزایخوای لێبێت، دەگێرنەوە کە وتوویەتی: (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای گەورە لەو کەسە کە هەڵەکانم پیشان دەدات، عەیب لە هەڵەدا نییە بەڵکو لە بەردەوامی هەڵەدایە) ، ئازایەتی لە وەرگرتن و قبوڵکردنی ڕەخنەدایە، دەبێت فێرببین چۆن کەموکورتی هەندێ شت قبوڵ بکەین کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، کورد وتەنی دۆست ئەوەیە کە دەتگرێنێ و دوژمن پێت پێدەکەنێ، زۆرێک لە وانەی ڕەخنەمان لێدەگرن لە دڵسۆزییەوەیە، بەڵام کاتێکیش ڕەخنەت لێ دەگیرێ بەوپەڕی خاکەڕاییەوە ڕەخنە کە شیبکەرەوە و هەڵیسەنگێنە، چونکە هەموو ڕەخنەکان لە پێناو چاکسازیدا نین زۆرجار لە ئەنجامی ئیرەییەوەیە و بێ بنەمایە و ئامانجی چاکسازی و دڵسۆزی نییە، گەر تێبینییەکت هەبوو، بەئەدەبەوە وەڵام بدەرەوە گەر نا سوپاسگوزاربە کە کەسێک کەموکورتیەکانی نیشان داویت، دەبێت بزانین کە باشترین جۆری ڕەخنەگرتن ئەوەیە کە بنیاتنەر بێت و بە زمانێکی ڕەق و زبر نەبێ ، ڕخنەگر  دەبێت وریا بێت نیازپاکی لە دەستنەدات، سەرەتا بە دەرخستن و پێش چاوخستنی خاڵە ئەرێنیەکان دەستپێبکات... (نوسینەکەت، هۆنراوەکەت باشە بەڵام گەر پێداچونەوەیەکی بۆ بکەی ... پۆشاکەکەت ناوازەیە بەڵام... ،وانەکەت جوان وتەوە بەڵام داتاشۆ یا هەر هۆیەکی تری فێرکاری بەکاربێنیت بابەتەکە باشتر دەگات...، ڕۆڵەکەت جوان گێرا بەڵام لەگەڵ تەمەنی تۆ یەکنەدەهاتەوە...) با یارمەتیدەر بن نەک شکاندن ، بنیاتنەربن نەک ڕوخێنەر ، کەسی بەرانبەر بێزارو هەراسان نەکات، جوانترین کلتور کلتوری یەکتر قبوڵکردنە، بەداخەوە ئەمڕۆ ئەو کلتورە کاڵبۆتەوە و کەس ئەویتری قبوڵ نی یە ، تەنانەت تەشەنەی کردۆتە نێو چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و نوسەران و تاک بەتاکی کۆمەڵگە، بە تایبەت لەدوای سەرهەڵدانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هێندەی تر کارەکەی گران کردووە، هەمووان چاوەڕێی لایک و دەستخۆشین و نوسین و بۆچوون و تێکستەکانیان لا بۆتە دەقی پیرۆز و خۆیان لە دەرەوەی ڕەخنە دەبیننەوە و کەس ڕەخنەی بەرانبەر قبوڵ ناکات و بەزمانی زبرو تەشیر وەڵامی یەکدی دەدەنەوە، بەداخەوە ڕەخنە دەبێت ئەو ئاوێنە ڕوونە بێت کە دەرخەری لایەنی باش و خراپ بێت و دەروازەیەک بێ بۆ بەخۆدا چوونەوە و هەنگاونان بەرەوپێشەوە و پەرەپێدانی سەلیقەی جوانناسی و بەها باڵاکان بێت، ئەمەش دیسانەوە ئەرکی پەروەردەیە لە خێزانەوە تا قوتابخانە نەوەی نوێ بە جۆرێک پەروەردە بکەن کە یەکتربیان قبوڵ بێت و بە زمانی گوڵ بدوێن ڕەخنەیان لە دڵسۆزییەوە بێت نەک بۆ سوکایەتی و ناوزڕاندنی یەکدی.

# دورگەیەك لەسەراب

## ستار ئەحمەد



داریك دەنووك لەبا دەدا
بروسکەیەك گڵ دەخوێنێتەوە
درەخت پەلکی بەگەڵا دەچنێ
شەو تریفە دەبێتەسێبەری
سەوزایی چڵ هەڵدەگرێ
شەپۆل کانی دەبزوێنێ
هەناریك هەڵدەپەڕێ
چناریك رووممەت دەرنێ
خەمۆکی هەڵدێر دەپێوێ
قیژەیەك دەمخنکێنێ
دوکەڵێك رامدەپێچێ
چرکەیەك لەگزنگا  دادەگیرسێم
دورگەیەك لەسەراب دەمتەنێ
هەرێمێکم لەجوودایی
نیشتمانێکم لەبەندەیی
بزرم بەورژمی خنکاندن
تینوێتیم ئاو دەمرێنێ
برسێتیم تاریکی قووت دەدا
ردێنم سەری درەخت دەتاشێ
لەئەزموونی بێزمانا
رادەکەم بەدوای گوڵەگەنمێکا
سێبەر لەدار دەدزێ
دەوەن لەپاڵ هەڵوەستەیا دەشکێ
سێدارە بەپرچی دەدوورێ
ئەم گێژاوە ناخم دەتەنێ
ئەم گەرداوە دەمفرێنێ
کۆترێکم لەبەفر
هێلانەم گەواڵەی هەورە
شاباڵم بارانی چەترە
داریك چرنووك  لەبا ئەدا
نەباڵەفرەی ئەستێرە دەگرێتەوە
نەسێویك لەزاری حاڵیببوون دەگا
رایەخەکەم تەمەنم دەپێوێ
هەتاو لەناخما رادەکشێ
تەنهایی لەناکاوا داگیرمەدەکا
ئالوودەبوون بۆشوێنێکی دوورم دەبا
بەتەمەنا هەڵدەزنێم
لەبۆتەی مردنا دەکوژڕێم.

# گرنگی پەروەردەی خودناسی

## د.کوردستان محەمەد ئازاد
## پرۆفیسۆری یاریدەدەر
## زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت



خودناسی توانای تێگەیشتنی تاکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ، وەک هەستو توانا و لاوازی و بەهێزی، بەها و ئاراستەکانی تایبەت بەژیان. کاتێک مرۆڤ خۆی باش دەناسێت بڕیاری دروست دەدات و پەیوەندییەکانی درووست و هاوسەنگ دەبێت، لێهاتووانە ڕووبەڕووی کێشەکانی ژیان دەبێتەوە ، باشترهەستە نەرێنییەکانی کۆنترۆڵ دەکات.

خودناسی یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی گەشەی کەسایەتی مرۆڤ. پێکهاتەیەکی سەرەکییە بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی تەندروست، دەروونێکی هاوسەنگ و ژیانێکی ئاسودەو سەرکەوتوو. پێویستیەکی مرۆڤایەتییە کە هەووەک چۆن منداڵ کەلەدایک دەبێت ناوی لێدەنرێت و کاتێک بانگ دەکرێت وەڵام دەداتەوە ناوی خۆی دەزانێت ، ئاواش گرنگە کە فێر بێت خۆی کێیە و چییە. پێویستی بەوەیە کە بە قووڵی خۆی بناسێت. خودناسین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگادا هەیە، چونکە تاکێک کە بەتەواوی خۆی نەناسێت، ناتوانێت پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ دەوروبەری خۆی دروست بکات. ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و لە قۆناغەکانی تەمەنی جیاوازدا گەشە دەکات و قووڵتر دەبێت.

خودناسین تەنها زانینی ناو، ڕەگەز، تەمەن، و پێگەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو زانینی خەون، ئامانج، هێز، لاوازی، هەست، و بیرکردنەوەی مرۆڤە. کاتێک تاک خۆی دەناسێت، هەنگاوەکانی ژیانی بە دڵنیاییەوە دەنێت و بڕیاری دروست دەدات. بۆیە خودناسین وەک کلیلێک وایە کە دەرگای داهاتوویەکی ڕووناک و پڕ لە سەرکەوتن دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی دەروونناسی، خودناسین یارمەتی تاک دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە دەروونییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو. ئەگەر مرۆڤ بە قووڵی بزانێت چی دەیەوێت و چۆن دەتوانێت پێی بگات، ئەوا زۆربەی کێشەکانی ژیان بە ئاسانی چارەسەر دەکات. هەروەها خودناسین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە متمانە بە خۆبوونەوە هەیە، کە ئەویش بنەمایەکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی تاک.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، خودناسین یارمەتی مرۆڤ دەدات باشتر لەگەڵ خەڵکانی دیکە هەڵسوکەوت بکات و پەیوەندییەکی دروست و بەهێز بنیاد بنێت. کەسێک کە خۆی باش دەناسێت، زیاتر ڕێز لە بۆچوونی کەسانی دیکە دەگرێت و توانای گوێگرتن و تێگەیشتنی باشترە.

خێزان یەکەم و کاریگەرترین ژینگەیە کە منداڵ تێیدا گەشە دەکات و خۆی دەناسێت. لە سەرەتای ژیانەوە، منداڵ لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دایک و باوک و ئەندامانی خێزان، دەست دەکات بە دروستکردنی وێنەیەک لە خۆی. خۆشەویستی و پارێزگاری بێ مەرج کە خێزان دابینی دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ هەست بکات بە نرخ و بەهایە، ئەمەش یەکەم هەنگاوە بەرەو خودناسینێکی درووست

کاتێک خێزان گوێ لە بیروڕا و هەستەکانی منداڵ دەگرێت، ئەوا یارمەتی دەدات تا منداڵ فێر بێت کە بیرکردنەوە و هەستەکانی گرنگن و شایەنی گوێلێگرتنن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ هەست بە بەهاداری خۆی بکات و بتوانێت باشتر بیروهەستەکانی خۆی بناسێت و دەربڕێت.

خێزانی سەرکەوتوو دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ منداڵەکانی تا توانا و بەهرەکانیان بدۆزنەوە و پەرەیان پێ بدەن. لە ڕێگەی هاندان و پشتگیریکردن لە چالاکیە جیاوازەکاندا، منداڵ دەتوانێت بزانێت لە چیدا بەهێزە و چی خۆشدەوێت. ئەمەش بەشێکی گرنگە لە خودناسین، چونکە هەر کەسێک تایبەتمەندی و توانای تایبەت بە خۆی هەیە.

بەشداریکردنی منداڵ لە بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان، یارمەتی دەدات تا متمانە بە خۆی بەهێزتر بێت و بزانێت کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ژیانی خۆی هەبێت. ئەمەش بەشێکی گرنگە لە خودناسین، چونکە یارمەتی منداڵ دەدات تا سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خۆی پەرە پێ بدات.خودناسی دەبێتە خۆرێک بۆ ڕووناک کردنەوەی ژیانی تاک ،کەخۆشبەخت و سەرکەوتووبێت تێدا


# هەڵوەرینی گەڵاکانی هزر لەوەرزێکی کاڵدا

## هاژە بەرزنجی

ژنیارێکی بێ ئەزموونیت
تائەوکاتەی هەنگاوەشەکەتەکانت ئاشنادەبن بەنۆتەی پێچاوپێچی ژیان
تۆ چی لەژەنینی تار و کەمانچەیەک
تێدەگەیت
ئەگەر ڕێگەیەکی تاریک
پەلکێشی نەکردبیت
بۆ نێو جەنگەڵێکی سامناکی
پڕ لەوشەی خەمگین!
تاکو دەیان جار بەسەر کەند و لەندی نۆتەکانی حەسرەتدا نەکەویت
تاکو سۆڵۆی چاوەڕوانیەک مەرگت
پێشان نەدات
هەرگیز ناتوانی ئاوازێک بژەنیت بۆمانەوە!،
لەشوشەی پڕ لەدرزی کام پەنجەرەوە
لە زاهیدێک دەڕوانیت
تا نزاکانت بەودا بنێریت بۆ خودا ؟!،
بەکۆڵێ تێکشانی ڕۆح و
بەم دڵە گەرمەوە
ونبوون لەم بیابانە سوتێنەرەدا
ئازارێکی ئێجگار قورس و نەبڕاوەیە
ئیدی وەرزێک نەماوە بۆ هاتنی
قاز و قولینگ و
کۆچە دوورەکانی پەرەسێلکە،
ئیدی باران لەکاتی داکردنیدا چاوەڕوانی هەور ناکات!
لەخۆم دەپرسم بۆچی لێرەم؟
تەنیایی شعورێکی زۆرغەریبە
لەم وەرزی تەزینی نائومێدیەدا
یادگاریەکان دۆزەخێکی سوتێنەرن!
کە چاوەڕوانی شەکەتمدەکات
چاوێک بەناو جانتاکەمدا دەگێڕم دەبینم ئەو لەوێ سەری خستۆتە سەرسنگم و ئارام نوستووە
منیش هەرچەندە هەناسەکانی دەژمێرم
ژمارە کۆتایی نایەت!
ئای لەم هەتاوە سووتێنەرە
چۆن هەراسانم دەکات و
لەخیاڵی ناو ئەلبومەکە دام دەبڕێت
ئەو ئەلبومەی لەکاتی تونیەتیدا
پەنای بۆدەبەم
لەوێنەیەکدا
لێوم بەسەرلێوی پیاوێکی
گەنم ڕەنگەوە جێماوە
ئێرەی بەخۆم دەبەم و
دەڵێم تەنیا وێنەیەک
چۆن دەتوانێ موعجزەیەکی واگەورە بخولقێنێت ؟!
بەقەدەر پانتایی گەردوون
دووریم چەشت
لەپێناوی وێنەیەدا
کە دەشێت ئەوە
کلیلی درەگا داخراوەکانی چارەنوسبێت!
کاتێ ڕێگاکان پڕدەبن لەکۆسپ و
غوبار
پێڵاوەکانم
دەمبەنەوە سەر کاسەی سەری
ئەو پیاوەی ژیانی کردم بەمۆمێک و لە شەوەتاریکەکانی خۆیدا دایگیرساندم ..!
ئێستاکەمن بەدوای دڵۆپێک زەرنیخەوەم
تا لەڕۆژی لەدایکبوونیدا
بۆی بکەم بەدواین دیاری،
دایکم پێی گوتم
دەست بۆمانگ درێژ مەکە
کوا دەتوانی بەم هزرەکاڵەتەوە
یاریی لەگەڵ مانگدا بکەیت؟
دەستم برد بۆ سوراوەکەم و
لێوەکانم بە تۆخی نەخشاند
پێی گوتم
تۆ لەبەهاردا لەدایکبویت
خۆت مەدە بەدەستی خەیاڵی پایزیەوە
ئەتگەتگەێنێت بەهەڵوەرین،
بەوپێیە خاوسانەوە
لەگەڵ جنۆکەدا سەفەرمەکە تانەگەیت بەبیابانێکی سامناکتر لەتەنیایی،
هاوڕێبوون لەگەڵ جنۆکەدا
کراسێکی لەبەرنەکراوت بۆناهێڵێتەوە،
دایکم بەحیکمەتەوە لەگەڵ ئەفسانەکاندا دەژیا،
منیش لەنێوانی خۆرئاوابوون و بێدەنگیدا خەودەمباتەوە
ژاوەژاوی مرۆڤەکان جێدەهێڵم و
بە ئارامی ڕۆحم بەدەنگی باڵندەیەکی تەنیا دەسپێرم!،
لەنزاکانمدا دەڵێم
خودایە کەبەهارێکت پێنەبەخشیم و نەتکردم بەهاوڕێی گوڵەکان
ئەی بۆچی واتکرد لەباخچەی
پیاوێکی نا ئومێدەدا
گوڵ بەدەستەکانی من بڕوێت؟



هاژە بەرزنجی



# خالید زامدار

## تەها عومەر



ساڵی 1980 کاتێک تەمەنم سیانزە ساڵان بوو ماڵمان چووە نزیک خەستەخانەی شیرەکە لە شەقامی ئیبراهیم پاشا ، سەروو دوکانی نەوبەهار ، ئەوکات زۆرجار بەپێ لەوێوە بەتەنیشت خەستەخانەی شیرەکەداو بەشەقامی سابوونکەراندا سەربەرەوخوار بەرەو ناوبازاڕ ئەچووم ، لەخوار دوکانی عەبالەی حەڵواچی و حەمامی مفتیەوەو بەرلەوەی بگەیتە بەردەرکی سەرا بەلای ڕاستدا دوکانێکی بچووکی خۆشنووسی هەبوو ، بەرامبەرەکەیشی دیوارو ڕووکاری دەرەوەی خانوویەکی کۆن بوو ، زۆرجار لەبەردەمی ئەو دیوارەدا پیاوێکی باریکەلەی عەینەک لەچاو بەبۆیەو فڵچەوە ئەبینرا ئەو دیوارەکۆنەی بەبۆیە ڕەنگرێژ ئەکردو بەشیعرو پەندو وتەی جوان ئەیڕازاندەوە ، ئەویش خالید زامداری خۆشنووس بوو ، کەدوکانەکەش هی ئەو بوو .
زۆربەی کات هەربەدیوی سابوونکەراندا ئەچووم بۆ بازاڕ هەربۆئەوەی نووسراوەجوانەکانی ئەو پیاوە نیشتمانپەروەرەی شار بخوێنمەوە ، لەوێشەوە بەرەو شەقامی کاوەو کتێبخانەی شانۆی شێخ ئەنوەری ڕەحمەتی ، من چەندە عاشقی کتێبخانەی شانۆ بووم ئەوەندەش شەیداو تامەزرۆی خوێندنەوەی شیعرو نووسراوەکانی سەرئەو دیوارە کۆنە بووم کە خالید زامدار بەبۆیەو فڵچە ئەینەخشاند ، خۆ من پێش ئەو بەروارەش لەکۆتایی ساڵانی حەفتاشدا هەرعاشقی ئەوشەقامەو ئەودیوارە ڕەنگرێژکراوو ڕازاوە بەشیعرە بووم ، چونکە ئەوشەقامە دڵگیرە جێی یادگاریەکانی منداڵیم و جێی قوتابخانەکەی کەشتی نوحی پیاوە منەوەرەکەی شار نەجمەدین مەلابوو ، ئەو پیاوە سەنگین وگرانەی هەزاران منالٚ وگەورەی ئەو شارەی فێری خوێندنەوەو نووسین کردو شەوانەش بەدیار فەرهەنگ و وشەی کوردیەوە ئێشکی ئەگرت و مێژووی ئەدەبیات و ژیاننامەی شاعیرانی کوردی ئەنووسییەوە .
خالید زامدار بە هۆی نووسینەکانی سەرئەو دیوارەوە زۆرجار لەلایەن دائرە بەدناوەکەی ئەمنی سلێمانییەوە تووشی لێپرسینەوەو گرتن و زیندانی کردن ئەبۆوە ، بەڵام ئەو هەرکۆڵی نەئەداو چەندین ساڵ ئەوە کارو پیشەی بوو .
بیرم دێ ساڵی 1982 کاتێک کاردۆخی شاعیر کۆچی دوایی کرد من بەشەقامی سابوونکەراندا تێپەڕیم و چوومە بەردەمی دیوارەکە ، خالید زامدار بە خەتە خۆشەکەی ئەم دێڕە شیعرەی بۆ مەرگی ئەو شاعیرە بەرزەی کورد نووسیبوو :

سیس بوو گەشاوە هاتەوە دۆخی
گوڵ لەتاو کۆچی دوایی کاردۆخی

کاتێکیش خانووەکە ڕووخێنراو کرا بە دوکان و بازاڕ ، شار بەشێک لەجوانیەکەی خۆی لەدەست دا چونکە ئەو دیوارەی خالید زامدار بەبۆیەو فڵچەکەی ئەینەخشاند بۆهەتاهەتایە بوونی نەما .
ماوەتەوە بڵێم خالید زامدار لەساڵی 1945 لەگەڕەکی کانێسکان لەدایک بووەو ساڵی 1987 بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد ، سڵاو لەگیانی پاکی ئەو پیاوە نیشتمان پەروەرەی بووە سیمبولێکی جوانی شاری سلێمانی و شەقام و گەڕەکە جوانەکەی سابوونکەران .
لەم وێنەیەدا خالید زامدار لەبەردەمی ئەو دیوارەدا دانیشتووە کەخاوەنەکەی بڕیاری ڕووخاندنی داوەو بەرلەڕووخاندنی وەک زمانحاڵی دیوارەکە ئەو شیعرەی لەسەرنووسیوە کەلەوێنەکەدا دیارە .
تێبینی : ئیلهامی ئەم نووسینەو هەندێک زانیاریم لەپۆستێکی جوانی برای ئازیزم کاک کامەران عومەر سەریع وەرگرتووە کە لە ئەکاونتەکەی خۆیدا لەسەر خالید زامدار نووسیبووی ، زۆرسوپاسی ئەکەم .

# خەلەلی گریان

## عەتای کلاسیک



بــۆ ئــەم خەلەلــی گریانــە، تــەرتیلێکــی گــەوهــەر بڵێ
وەک مەستی ڕۆژ لەودیوی شەو، بۆ سەر چیا نەزەر بڵێ
ســەد فاقــە مەعدومــی ژینــم، هەر ئاهەو دێتە برینــم
قاماتــی شاهـانــە مەڵــێ، سکــووتــی پــڕ لــەجەر بڵێ
دەوڵــەتــی نــەحسێکــە دنیــا، قــومڵاغــی زەهرێکە ئەمما
سیحــرێکــی ئــاوەدانییــە، بــاخێ لــە نەیشــەکەر بڵێ
قازانــی سینــەی پڕ جۆشــم، بێ هــەواڵێکــە ئەم دەمــە
کەم نییــازێکــە زەمــانێ، خــەبــەری خــۆش خــەبەر بڵــێ
لایــەق کــەهات خــەلایق چــوو، بۆ ئوستادی حــەرەم جــانــە
ئاوازی مەشعــەلــەی ســەر دێ، کەمێ یاهــوی دلبــەر بڵــێ
بــەم شیینــە فیــراقــی ساقــی، ڕژاوە پێکــی لــزوومــم
بــۆ ماڵــی ڕەنجــی ســوتــاوان، هــاوارێکــی خــەتــەر بڵێ
ئیخلاسی دڵ ڕەقیب مایەی، وەکو حوسنێکی پڕ حوزنە
ئیمــدادی دڵشکــان کــوانێ، ئــاوازی بــێ ســەمــەر بڵــێ
دڵبــەنــدی هیجــرانــە سبــەی، لەفیکــری زەمزەمــا فیکــرم
یــاقــووتــی قــووتــە ئــەو لێــوە، تاوێ (عطا)ی کەوسەر بڵێ

---

# هەرێم لە بەرداشی سیاسەتبازانی ناوخۆدا

## ئەحمەد حەمەساڵح



لەم بابەتە دا، لە فلان وفیسار لایەن وکارەکتەری نێو پانتایی سیاسەت نادوێین، بەڵکو لەخەمی فراوانبوونی بازنە نەرێنییەکانەوە، لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتکردن ئەدوێین، تا بەهەموان دوور لە دژایەتی و نزیک لە بازنەکانی کۆدەنگی، بۆ ئێمرۆ و ئایندەی نیشتیمان و تایبەتر حکومەتداریمان لە باشووردا، هەنگاوە دروستەکان بدۆزینەوە، کە ساڵانێکە لەسیاسەتی حیزبایەتی تاقمگەرایی وتاکگەرایدا، ڕێگاکانی گەیشتن بە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، وەک تەونی جاڵجاڵۆکە، نەک تەڵەیەک بێت بۆ دوژمنە دەرەکییەکان، بەڵکو لای ئێمە ئاڵۆزاوانە بە ڕق و بوغەوە تەنراون و تەڵەیەکی ناوخۆمانە، بۆ بەنێچیرکردن و شکاندن و سڕینەوەی یەکتری.

وەک دەبینرێت ئەوەی ئێمرۆ لە هەرێمەکەماندا زۆرەو ترسناکانە دەگوزەرێت سیاسەتکردنە، هەموو جومگەکانی ژیانی ڕۆژانەمان بووە بە سیاسەت، ئەچیتە هەر شوێن و کۆڕ و کۆبوونەوەیەک هەر باس باسی سیاسەتە، سیاسەت وای لێهاتووە کاریگەری کردۆتە سەر کۆی پێداویستیەکانی ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش، جگە لە حیزبەکان کە خۆیان ڕێکخراوێکی سیاسین، پەتای سیاستبازی ئەوان و دام ودەزگا گشتی وتایبەتەکان، ناوەندە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، مزگەوت، خوێندنگە تا ماڵەکان وکۆی شوێنە گشتیەکانی گرتۆتەوە، کەواتا ئەمڕۆ لە هەرێمدا تەنها شتێک کە هەموانی بەخۆوە سەرقاڵکردوە سیاسەت کردنە، بەداخەوە لەم ڕەوشەدا، ئەوەی کە ئەزمەیە لە هەرێمدا کەمی سیاسەت مەداری خەمخۆر و شارەزایە، بەداخەوە کەسانێکی زۆر پۆپۆلیستانە سیاسەت دەکەن، ئاشکراشە پۆپۆلیستەکانی لە مەڕ ئێمە، لە دەسەڵاتدابن یان ئۆپۆزسیۆن، سەربەخۆبن یان حیزبی، تەنها خۆیان و کۆمەڵەکەیان لە بەرەی گەل و نوێنەرایەتی گەلدا دەبینن، هەموو ئەوانی تر بە دوژمن و لەبەرەی دژ بە گەلدا دادەنێن، ئەم بیرکردنەوەیە لەبازنەی پاراستنی بەرژەوەندییە کەسی، تاقمگەرایی و حیزبییەکاندا، بازاڕێکی لە سیاسەتبازی هێناوەتە کایەوە، تەنها شتێک کە سیاسەتبازان نایزانن، سیاسەتی نیشتیمانیی، پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و ڕێگاکانی بەدامەزراوەی کردنە، بەداخەوە وەک سەلمێنرا و دەبینرێت، ئەگەر شارەزا و خەمخۆر بوونایە هەرگیز کارمان بەم ڕۆژە ڕەشە پڕلە قەیران و ئاریشەو شکستانە نەئەگەیشت کە هەیە.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین، کە سیاسەت هزر و زانستە،کردار و ڕەفتارە، سیاسییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیان ، هەریەکەو بە مەرامێک ئەم چەمکە دەگەیەنێت،لەو برواو بۆچونەوە، کە بەکورتی خستمان ڕوو، لە خوارەوە و لە دوو خاڵدا، قسەیەک لە سیاسەتمەدار و سیاسەتباز دەکەین، تا لەو دەروازەیەوە کە کرۆکی بابەتەکەمانە هەمووان لە بەراوردکاری ئەزمونەکان، بەرژەوەندییەکان و خواستە نیشتیمانییەکانەوە، خاڵە نەرێنییەکان بزانن، کەزیانی زۆری بە کۆی پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان گەیاندووە

یەکەم:- سیاسەتمەدار

* سیاسەتمەدار زانا ودانا و وریایە، لەسەربنەمای توانا، شارەزایی، مەعریفە، دڵسۆزی، مرۆڤدۆستی و خەمخۆری کار دەکات بۆ ئەوەی لەبازنەی بەرژەوەندییە گشتییەکان،خۆشگوزەرانی گشتی، پرسە نیشتیمانی و مرۆڤایەتیەکاندا فێڵی لێ نەکرێت، ڕەچاوی وەفاداری و سەروەرییەتیەکان دەکات، سیاسەتمەداران گەر بەرژەوەندیی خۆشیان بوێت، تا ئەو ڕادەیە خۆپەرست نابن کە بەرژەوەندیی گشتی بکەنە قوربانیی بەرژەوەندییە کەسی و ناوچەییەکانیان، بەردەوام وەک پێشەنگ و کاریزمایەکی نیشتیمانی لە بازنەکانی مرۆڤایەتی و نیشتیمانیدا، خاوەن سۆز، خۆشەویستی، ئینتیما، خواستی بنیاتنان، گەشەکردن و پێشکەوتنن..

*سیاسەتمەدار، لە ڕووی بیرو هزری سیاسییەوە کەسی تێگەیشتوو و پێگەیشتووە،کار بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی گشتی دەکات کە ئەویش ئازادی، فەراهەمکردنی چەمکی هاوڵاتیبوون، هاونیشتیمانیبون و بەدامەزراوەیی بوونی کۆی پایەکانی حکومەتدارییە، لە پێناو رزگاری و بەختەوەری و خۆشگوزەرانیی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا قوربانی بە هەموو بەرژەوەندییە کەسییەکانی دەدات، وتەکانیان لە ناخیانەوە ڕاستگۆیانە هەڵدەقوڵێت و کاریگەری ناوخۆیی، دەرەکی و هەمە لایەنەیان دەبێت، هەر لەو ڕێگانەشەوە کە دوورن لە درۆ و موجامەلە، متمانەی زۆرینەی خەڵک وەردەکرن.


دووەم:- سیاسەتباز

* سیاسەتبازان، بەشانس، یان بەڕێکەوت، دەبنە کارەکتەری نێو پانتایی سیاسەتکردن،کۆیلەی بەرژەوەندیی کەسیی خۆیانن، هەموو ئامرازەکانی بەردەستیان لە دەسەڵات، پارە و ڕاگەیاندن بەکاردەخەن، تاکو نیازپاکیی خەڵک و بەرژەوەندیی گشتی لە بازنەکانی خلافاندا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن، ئەوان تەنیا وەفایان بۆ ئەو کەسانە هەیە کە ئاسانکار و ڕێخۆشکەرن بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان، سیاسەتبازان لەبازنەکانی موجامەلەکردن و ماستاوچییەتی، بۆشایی مەعریفە و زانستییان بە فرت و فێڵ پڕ دەکاتەوە، گەر هەندێک زانستیشیان هەبێت، لەبەر خۆپەرستی و نەبوونی نیازپاکی، زانستەکە بەهای نییە.

* سیاسەتبازان، بەردەوام ئومێدی دروێنەدەبەخشنەوە، بۆ سەپاندنی بۆچونەکانیان زۆر دەدوێن و کەمتر گوێدەگرن، سیاسەتبازان لەبەر ئەوەی هەندێک جار خۆیان باوەڕیان بە وتەکانی خۆیان نییە، کرداریان لەگەڵ وتەکانیان یەک نییە، هەر بۆیە ناتوانن تا ماوەیەکی درێژ متمانەی زۆرینەی خەڵک بۆخۆیان مسۆگەر بکات.

* سیاسەتبازان وا خۆیان دەردەخەن کە زۆر دەزانن وکەسایەتیەکی جیاواز و گرنگەن، بەڵام لە ڕاستیدا خاوەنی هیچ بنەمایەکی جێگری سیاسی و نیشتیمانی نین ،تەنها لە هەڵخەڵەتاندن و یەکتر شکاندندا شارەزاو چالاکن، هەر بۆیە زوو هەڵدەخلیسکێنە ناو زەلگاوی خیانەت، یاساشکێنی و گەندەڵییەوە.

بەکورتی سیاسەتبازان لە کایەی سیاسیی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، فراوانکەری بازنەکانی ترس، نائارامی و نادادین، تەنیا بە هۆشیاریی زۆرینەی خەڵک مەترسییەکان دەڕەوێنەوە، هەموو مرۆڤێک کە خاوەنی ئەخلاقی سیاسی، ویژدانی پیشەیی، بەها کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەت بێت، توانا و بەهرەی لێکجیاکردنەوەی شتە باش و خراپەکانی هەیە، هەر بۆیە هاوڵاتیان لەبازنەکانی چەمکی هاوڵاتی بووندا دەتوانن گوفتار و کرداری سیاسەتبازان، کە بەداخەوە زۆرینەن، لە سیاسەتمەداران جیا بکەنەوە، بەداخەوە لەباشووره ئازادکراوەکەی نیشتیماندا، لەسنوری حکومەتی هەرێم ودەسەڵاتیی حیزبە کوردیەکانماندا، لەشکرێکی زۆر لە سیاسەتبازان هەن، کە بە جەستە پڕ زام و ژانەکەی گەل و نیشتیمانەوە نووساون، و لە تۆمارەکانی ئێمرۆ و لاپەڕەکانی مێژوودا پانتاییەکی فراوانیان لە سیفاتە ناشیرین و ناپەسەندەکان تۆمارکردوە، هەر بۆیە ئێمە بەردەوام لە پاڵ قەیرانەکانی ژینگە، ژیاری و ژێرخانەکان، هەمیشە قەیرانی بەڕێوەبردنمان هەبووە، دەرئەنجامیش ڕۆژانە بازنەکانی بێمتمانەی و کاڵبوونەوەی ئینتیما فراوانتر دەبن.



# مەراسیمی بە خاک سپاردنم

## بەرزان عەلی



(1)

دەمنووسێتەوە وەکو ئەوەی لە نێو یادەوەرییەکانمدا ژیابێت.
دوای مردنم هیچ یادەوەرییەک ناخەمە نێو تەرمەکەم
جگە لە شیعرێکی سەرهەڵگرتوو
شیعرێک کە مردنم دەنەخشێنێ و
بیرەوەرییەکانم چەشنی ملوانکە لە مل دەکات.
هەڵهاتنم لە مرۆڤ پێدەچێت سەرەتایی یاخیبوونم بێت
تاکە مرۆڤم دەمزانی بەر لە دایکبوونم ژینم دەمرێ و
لە گۆڕستانی شاهنشای شیعردا دەمنێژن.
شیعرێکی غەمگین کە نائومێدی لە باوەشیا ڕاکشابوو
بە دەم هەنسکی گریانەوە لە مەراسیمی بە خاکسپاردنم
ئەم شیعرەی خوێندەوە
شاعیرێکی غەمگین بوو
کاتێک لە ژوورەکەیدا ڕەشایی دڵی دەنووسییەوە
تەنهایی خۆی چەشنی گۆڕێک لە نێو شیعردا دەنەخشاند
کاتێک دەگریا
هێندە هەنسکی قوڵی هەڵدەکێشا
خەریک بوو ژوورەکەی شەق بەرێت.
لە نێو لێوەکانییەوە
ڕەشایی چەشنی سیگارێک شەپۆل دەدات.
لێگەڕێن با لە نێو ئەو کفنە ڕەشەدا بڕشێتەوە بەسەر ژیاندا تا پێی بڵێ مردنم خۆشتر دەوێت تا ژیانێکی فریودەر.
شیعرێکی کە تارمایی لە ڕۆحیا دەهات و دەچوو
چەشنی جادووگەرێکی بێ ناسنامە
خۆی هاویشتە نێو مەجلیسەکەوە.
بە دەنگی بەرز هاواری کرد:
هەموو شتێک دەبینم
ڕۆژگارێک وەک غەریبەیەک لە سوچێکی کتێبەکاندا دەژیا.
هاتبووم تا ژیانی شاعیرێک لە نێو تارماییدا بنووسمەوە.
وەک جاسووسێک ژیانیم دەبینی
گوناه بوو
شەوان لە بری نان تەنهایی خۆی گەرم دەکردەوە
باوەشی بەو شاعیرانەدا دەکرد
کە تەنها لە نێو شیعرەکاندا زیندوون
زۆر شەو کتێبەکانیم ماچ دەکرد و دەیقژاند
چەشنی گورگ دەیلوراند و
وەکوو شێت لە بەر خۆیەوە وڕێنەی دەکرد
سەری خۆی دەکرد و لە ژێر لێوەوە دەیگوت:
تەنها شیعرەکان شاهێدی ژیانی منن.
هێندە سەرسامی بووم
چەند جارێک ویستم باوەشی پێدا بکەم
دڵتەنگ بوو کاتێک گەمژەکان پێیان دەگوت جاسووس و
هەڵبژاردنی ئەم ژیانەی یارییەکە دەیکات.
خۆم بینیم چەندین شەو
نانی بەردەمی خۆی دەدا بە ئاژەڵەکان
بە برسێتی دەنووست
بەڵام شیعر نەیدەهێشت بمرێت
هێندە دڵیا گوشیبوو لە دەمارەکانییەوە شەراب دەچۆڕا
کاتێک بەدەم هەنسکی گریانەوە بە بێ دەنگی ڕۆیشت
هەمووان حەزیان دەکرد ئەم شیعرە بخەنە نێو تابووتەکەمەوە.
بەڵام کاتێک کاغەزەکانیان کۆکردەوە
شیعرەکە هێندە گریابوو
وشەکانی ببوون بە مرەکەب و ڕژابوون.

# گۆڕانکارییەکانی ناوچە و جیهان و کورد و پەیمانی پیرۆز

## سەرکەوتی جیهاز



کورد بە گشتی دوای چەندین ساڵ و لە مێژەوە تا ئێستا بەهۆی بەریەکەوتنی وڵاتانی زلهێزی جیهانی و ناوچەییەوە ئەگەر چی خوێن و خەبات بەردەوامی هەبوە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی خۆبەڕێوەبەری لەسەر ئاستەکانی ( خودموختاری ، فیدڕاڵی ، کۆنفدڕاڵی ، سەربەخۆیی) بگرە لە نێوان بەرداشی بەرییەکوتنەکاندا بوە بە کارت و لەسەر خاک و نیشتمانی خۆمان بوینەتە گروپ گروپ و جێبەجێکاری ئەجێندای دەرەکی ، لە ئێستادا کورد بوەتە دۆسیەکی گرنگ لەسەر نەخشەی جیهانی و پێگەیەک کە هەموو هێزە ناکۆکەکانی دنیا هاوبەرژەوەندین لەسەر دۆسەیەی کورد ، بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە کورد کاربکات بۆ بۆ بەهێزکردنی یەکێتی ناوەکی و یەکبونی ناوماڵی کوردان ، ئەم نوسینە بانگەوازێکە بۆ کۆی سەرانی هەمو حیزبە کوردیەکان کە بە گەڕانەوە بۆ ( پەیمانی پیرۆز) بەگیانی لێپرسراویەتی قۆناغەکەوە کاری لەسەر بکرێت .

پەیمانی پیرۆز ڕووداوێکی گرینگ بوە نەتەوەی کورد بە خۆیەوە بینیویەتی ، پەیمانێک کە بە سەرپەرشتی کارزانی ئەمیر بەدرخان ، میری بۆتان لە نێوان میرانی ناوچەکانی بۆتان، وان، هەکاری، مووش، خێزان، سەعرەد، قارس، موسڵ و... واژۆ دەکرێ. تەنانەت میرنشینی ئەردەڵان لە ئێرانش پەیماننامەکە واژۆ دەکات تا بۆ هەموو لایەک دەرکەوێ کە بەدرخان مەبەستی سازدانی وڵاتێکی سەربەخۆیە و لابردنی سنووورە دەسکردەکانی کوردستانە لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا. واتە لەنێوبردنی ناکۆکی نێوان میرنشینەکان و دواجار یەکڕیزی ماڵی کورد ،لێرەوە هیوامەندین هەموو کۆنگرە و کۆبونەوە کوردییەکان کار بۆ بونیادنانی پەیمانێک بکەن کە خزمەت ستراتیژی نەتەوەی کورد بکات ، بە تایبەت لە ئێستادا کورد لە باشور و ڕۆژئاوا قۆناغی زۆر گرنگی تێپەڕاندوە و لە ڕۆژهەڵات وباکوریش کورد بەرەوە قۆناغی زۆر گەورە هەنگاو دەنێت.





# ماشاللە محەمەدی


-1969 لە سنە لەدایکبووە.
-1980 بەشی شێوەکاری لە زانکۆی تاران تەواو کردووە.
-بەشداری 43 پیشانگەی هاوبەش کردووە.
- 15 پیشانگەی تایبەتی لەناو ئیران و دەرەوەدا کردۆتەوە.
- 2003وە کاری ئەنیمەیشن دەکات.
-بەکارە ئەنیمەیشنەکانی بەشداری 162 فیستیڤاڵی کردووە.
- 17 خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە.
-34 خەڵاتی ناوخۆیی پێبەخشراوە.
- ئێستاش سەرقاڵی پرۆژەیەکی ئەنیمەیشنە سەبارە بە ژیانی (سەید عەلی ئەزغەری کوردستانی).


1





2





12


















# وەرگێڕان لەنێوان پەیام و گاڵتەجاڕیدا لە عەزیز گەردییەوە بۆ گووگڵ ترانسلەیت

د. کامەران محەمەد



وەرگێڕان وەک فەلسەفەی مانەوە:

(وەرگێڕان چیتر پردێک نییە لە نێوان ژیارەکاندا، بەڵکو پەیژەیەکە بۆ بە ئەستێرەیی بوونێکی سوک. گرنگ نییە لە دەقەکان تێبگەیت یان بیشێوێنیت، گرنگ ئەوەیە ناوەکەت بە درشتی لەسەر بەرگی کتێبەکە دەربکەوێت و زەرفی پول (پاداشت)ەکەت وەربگریت).

لە جیهانێکدا کە وشەکان تا دێت زیاد و واتاکان کەم دەبنەوە. وەرگێڕان نەک تەنها دەبێتە پردێکی زمانەوانی، بەڵکو دەبێتە دەزگایەکی هەناسەدانی دەستکرد بۆ زانین، بەردەوامبوونی بیرۆکەیەک لە جەستەیەکی تردا بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی بکوژێت یان سیماکانی بشێوێنێت زامن دەکات. وەرگێڕان گواستنەوە نییە، بەڵکو سەرلەنوێ داهێنانە. سێبەری دەق نییە، بەڵکو زیندووبوونەوەیەکی تری ئەو دەقەیە بە زمانێکی تر، وەک ئەوەی هەناسەکان لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر بچن، بێ ئەوەی بمرن.

بەڵام لە بەرامبەردا، کاتێک وەرگێڕان لە عەرشەکەی دادەبەزێت، بۆ ئەوەی بچێتە نێو کارگەکانی خێرایی و پاداشتی ڕەمزییەوە، ئەوا بۆ پرۆسەی (بە قاچاخ بردنی فیکریی) و (شێواندنی کەلتووریی) دەگۆڕێت. تەواو وەک چۆن بازرگانێک کاڵا بەسەرچوو و قەدەغەکراوەکان لە سنوورەکانەوە دەگوازێتەوە، هەندێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە (زانینی مردوو) بە قاچاخ دەهێننە نێو زمانێکی دیکە و بەناوی ڕۆشنبیرییەوە دەرخواردی خوێنەری دەدەن.

وەرگێڕ وەک بوونەوەرێکی میکانیکی لە کارگەی وشەکاندا:

بیهێنە بەرچاوت خوێنەرێکی کورد بچێتە نێو کتێبخانەیەکی کتێبفرۆشانەوە و کتێبێکی وەرگێڕدراوی دۆستۆیۆڤسکی یان چیخۆف یان پۆڵ ریکۆر بکڕێت، بەڵام دوای خوێندنەوەی دوو لاپەڕە هەست بەوە بکات، کە پۆستێکی فەیسبووک دەخوێنێتەوە. ئەمە زیادەڕەوی نییە، بەڵکو تراژیدیایەکی ڕۆژانەیە، کاتێک ڕوودەدات، کە دیمەنی وەرگێڕان لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێت، کە جگە لە ناوبانگ و پول شتێکی تر لەبیریاندا نیە، ئەوان جگە لە (دەزگای بەناو خۆرایی) و (کیبۆرد) شتێکی تریان نییە، هاوکات خاوەنی دڵی بەتاڵ لە تامەزرۆیین و چێژوەرگرتنیشیان تەنها لەو پاداشتە ڕەمزییەدا کورت کردووەتەوە، کە وەریدەگرن.

لە ناوەڕاستی ئەو (هەڵئاوسان)ە ی کە پێیدەوترێت (وەرگێڕانی خۆرایی) - خۆرایی بۆ مانا نەک بۆ خوێنەر - دیاردەی (وەرگێری فەرمانبەر) زیادی کردووە، کە وەک چۆن ئەفسەرێکی گومرگ مامەڵە لەگەڵ گەشتیاراندا دەکات، ئەویش بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات. ئەوان بە پشتبەستن بە یاسایەکی جێگیر تێدەپەڕن یان دەهێڵرێنەوە، نەک لەسەر بنەمای کۆنتێکست یان ڕۆح.

وەرگێڕان لە نێوان سیحری داهێنان و ناشیرینی کۆپیکردندا:

ئەگەر بۆ ساتێک ڕابمێنین، کە جیاوازی چییە لە نێوان شێفێک کە ڕەچەتەی دروستکردنی خواردنێک دەخوێنێتەوە و دواتر ژەمێکی ناياب، کە تامی تایبەتی خۆی هەڵدەگرێت، ئامادە دەکات، لەگەڵ ئامێرێک کە پێکهاتەکان دەرێژێتە ناو یەک دەفرەوە و شتێکی خۆڵەمێشی و بێ تامی لێ بەرهەم دەهێنێت؟ جیاوازییەکە ئەوەیە کە (وەرگێڕی ڕاستەقینە) لە (گووگڵ) یان (وەرگێرێکی خێرا) جیا دەکاتەوە. وەرگێڕان وەک (واڵتەر بنیامین) جەختی لەسەر دەکاتەوە، تەنها گواستنەوەی ناوەڕۆک نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی (وابەستەییەکی نوێ)یە لە نێوان ئەو دوو زمانەدا، کە شێوەیەکی نوێی جوان دروست دەکات.

بەڵام لە ( پێشانگا)ی وەرگێڕانی ئێستادا، وەرگێڕان بووەتە کارێکی بانگەشەکردن لە پرۆژە کەلتوورییە قازانج بەخشەکاندا، کە "وەرگێڕ- کۆپیچی" خەڵاتێکی دارایی بچوکی پێشکەش دەکرێت، ئەویش وەک ئەوەی هەنگوینی لە داردا دۆزیبێتەوە، قبوڵی دەکات،

چونکە ئامانجەکە چیتر بونیادنانی زانین نییە، بەڵکو زیاتر فراوانکردنی سیڤییەکەیە، یان کۆکردنەوەی لایکی مەجازیی و نمایشکردنە.

عەزیز گەردی: وەرگێڕ وەک فەیلەسوفێکی زمانەوانی:

لە بەرامبەر ئەم ڕەوتە، عەزیز گەردی وەک وەرگێڕێک وەستاوە - یان ڕاستر بڵێین وەک (سۆفییەکی زمانەوانی) - کە هەر چۆن سۆفییەک بەوپەڕی عیشقەوە مامەڵە لەگەڵ نوێژەکەیدا دەکات، ئەویش بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕاندا دەکات. بەلای ئەوەوە وەرگێڕان گواستنەوەی وشەکان نەبوو، بەڵکو وەک گواستنەوەی ڕۆحێک لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر بوو.

لەم سەردەمەدا کە کتێب وەک پسولەی پارەی کارەبا چاپ دەکرێت، عەزیز گەردییەکان کەمبوونەتەوە! ئەم پیاوە کە زیاتر لە نیو سەدە بە وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و فارسییەوە بەسەر برد، ڕۆژێک لە ڕۆژان داوای پول و پاداشتی نەکرد! چونکە ئەو پولەکی و بازرگان نەبوو، بەڵکو عاشق بوو. ئەو خاوەن دەزگای بڵاوکردنەوە نەبوو، بەڵکو پیاوێکی بە ویژدان بوو. ئەفسانە و لێکۆڵینەوە و ڕۆمان و فەلسەفە و ئەدەبی وەرگێڕاو و هەرگیز بۆ ساتێک هەستمان بەوە نەکرد، کە ئەو دەقانە وەرگێڕدراون. وەرگێڕانەکانی وەک ئەوە وابوو، کە بە کوردی لەدایک بووبێتن و لە کانیاوەکانی کوێستانەوە ئاو درابێتن.

وەرگێڕانەکانی گەردی تەنها بەرهەمی ئەدەبی نین، بەڵکو دەقگەڵێکن، کە بە زمانی کوردی نووسراونەتەوە، بە زمانێک کە بە ئازادی هەناسە دەدات، بە ئاوازێکی کوردییەوە ترپەی دڵی جیهان دەگوازێتەوە. لاوازیی و (حەرفیبون)ی تێدا نادۆزیتەوە. بەڵکو سەلیقە و ڕۆشنبیریی و ڕاستگۆیی لە باشترین وێنەیدا دەبینیتەوە.

گەردی وەرگێڕانی بۆ ڕێزلێنان نەکرد، نە بۆ ئەوەش ناوی لەسەر بەرگی کتێبەکان وەک وەرگێڕێکی نایاب و خێرخوازێک دەربکەوێت، بەڵکو ئەو وەرگێڕانی بۆ ئەوە کرد، کە بەرگری لە شکۆ و ڕێزی زمانی کوردی و زانین بکات. لە سەردەمێکدا کە دەقەکان وەک سەوزە و کاڵای کۆنە لە بازاڕی هەینیدا دەفرۆشرێن، ئەو ئەوەی هەڵبژارد، کە (پارێزەرێکی ڕاستگۆی مانای دەق)ەکان بێت.

تۆیکاریی وەرگێڕانی خراپ: فیزیای دابەزینی زمانەوانی

ئەمڕۆ لەم مەملەکەتە چەندین دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە هەن، کە لەلایەن (مرۆڤە بەناو دڵسۆز و بلیمەتەکان!)وە دامەزراون. ئەوان لەناکاو بۆیان دەرکەوتووە، کە ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوە کارێکی قازانجبەخشە. بۆیە کاتێک دەڵێن:(ئێمە بەخۆرایی کتێب بڵاودەکەینەوە)، تەنها دەیانەوێت وەرگێڕانەکە ببێتە بەرگێک بۆ گریبەستێک. ئەو (وەرگێڕ)انە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، کە جگە لەوەی گووگڵ ترانسلەیت (Google translate ) پێیان دەڵێت، شتێکی دیکە دەربارەی زمان نازانن، بۆیە ئەو کتێبانەمان بۆ بڵاودەکەنەوە کە بەزمانی حاڵ دەڵێن: "ئێمە لە خۆمان تێناگەین، کەواتە ئێوە چۆن دەتوانن لێمان تێبگەن؟"



خراپی وەرگێڕان کاریگەریی مەرگەساتباری هەیە، هەروەک چۆن خواردنی خراپ کاریگەری لەسەر تەندروستی هەیە. کاتێک دەقێکی فەلسەفی (تێشکاوانە) وەردەگێڕدرێت، بیرۆکەکان لە تێڕامانەوە بۆ تەلیسم دەگۆڕێن. کاتێکیش دەقێکی شیعریی یان ئەدەبی بەزمانێکی وشک وەردەگێڕدرێت، ئەوا دەقەکە بۆ بڵاوکردنەوەی (پێشبینی کەشوهەوا) دەگۆڕێت.

هەندێک لەو (وەرگێڕە فەرمانبەرانە یان ڕاستر فەورییانە) پێیانوایە (وەرگێڕانی حەرفی) نیشانەی ئەمانەت پارێزییە. بەڵام ئەمانەتی ڕاستەقینە واتای (وەک یەک بوون المطابقة) نییە، بەڵکو بە واتای (لەدایکبوونەوەی بیرۆکەکانە لە منداڵدانێکی نوێدا). کاتێک شاکارێکی وەک (تاجر البندقیة) ی ولیام شکسپیر بە ( بازرگانی چەک) وەردەگێڕدرێت، ئەمە ئەمانەت پارێزی نییە، بەڵکو ناپاکییەکە، تەنانەت ئەگەر پیتەکان ڕاستیش بن.

ئەم (فەریکە وەرگێڕ)انە، چێژی زمانەوانیی کوردییان شێواندووە، هەوڵیش دەدەن خەڵکی بەوە قایلبکەن، کە وەرگێڕان جگە لە کۆپی و پەیست شتێکی تر نیە. بەم شێوەیە کتێبەکان بوونەتە گۆڕستانی ڕستەکان و کەس لە پەیامەکەیان تێناگات و کەسیش نایەوێت بیانخوێنێتەوە.

وەرگێڕان وەک ئامرازێک بۆ ئازادبوون یان کۆلۆنیالیزمێکی نەرم؟
پارادۆکسێکی مەترسیدار هەیە، ڕەنگە وەرگێڕان ئامرازێک بێت بۆ ئازادبوون، یان ئامرازێک بێت بۆ کۆلۆنیالیزمێکی نەرم. کاتێک دەقە بەهێز و قووڵەکان بە زمانێکی لاواز و تێکشکاو وەردەگێڕدرێن، خوێنەر دەبێتە دیلی وێنەیەکی شێواوی جیهان. وەرگێڕانی خراپ سارتەر وەک شاعیرێکی ڕۆمانسی و نیچە وەک حەکیمێکی چینی و تۆڵستۆی وەک بانگخوازێکی زاهیدی هاوچەرخ دەناسێنێت!

بۆیە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان، لەنێویشیاندا کۆمەڵی کوردەواری، دەبێت بە وریاییەوە ئاگاداری ئەم گەمەیە بن. چونکە وەرگێڕانی خراپ تەنها (خراپ) نییە، بەڵکو تیرۆرکردنی هۆشیاری و هەوڵدانێکی هێواشە بۆ سڕینەوەی شوناس، چونکە زمان تەنها ئامرازی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو دەفری بوونی کۆمەڵ و نەتەوەکانە.

گەردی و هاوشێوەکانی: پارێزەرانی واتا لە سەردەمی نازناوەکاندا:
لە سەردەمێکدا کە کتێبەکان بە پۆست و دەقەکان بە لێوەگرتن (الاقتباسات) و وەرگێڕ بە ڕۆبۆتەکان دەگۆڕدرێن، نموونەی عەزیز گەردی و هاوشێوە ڕاستەقینەکانی وەک بیرخستنەوەیەک دەمێنێتەوە، کە وەرگێڕانی ڕاستەقینە بە ژمارەی لاپەڕەکان ناپێورێت، بەڵکو بە قووڵایی کاریگەرێتییەکانیان دەپێورێت.

لێرەوە وەرگێڕان، جەنگی شاراوەی نێوان ئەو کەسانەیە، کە دەیانەوێت عەقڵەکان ڕۆشن بکەنەوە، لەگەڵ ئەوانەی کە تەنها دەیانەوێت، تیشک بخەنە سەر ناوەکانیان. عەزیز گەردی بەشێک بوو لە کۆمەڵی یەکەم، وەرگێڕانی بۆ ئەوە نەکرد کە پێیبگوترێت (وەرگێڕ)، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو، کە دەیویست زمانی کوردی گەشە بکات، تاکی کورد هۆشیار بکاتەوە و زانینی دروست بڵاوبکاتەوە، نەک ناوی بۆ ڕستەیەکی لاوازی سەر بەرگی کتێبێکی بازاڕیی کورت بکرێتەوە.


لە کۆتاییدا دەڵێم: هەرکەسێک شەیدای ئەوەیە ناوی وەک خێرخواز و خەمخۆری کتێب بخاتە سەر کتێبەکان، ئەوا بەدڵنیاییەوە بەدەست و خەتی خۆم ناویان لەسەر بەرگی کتێبەکانم دەنووسم و گوڵێکیشیان بەدیاری پێشکەش دەکەم. بەڵام تکایە، واز لە سوکایەتیکردن بە (زمان، مانا، خوێنەر) بێنن، چونکە مێژوو ڕەحم بەو کەسانە ناکات، کە بازرگانی بە ڕۆشنبیریی و مەعریفەوە دەکەن، یان دەیشێوێنن.

11/5/2025

## پەرتوک

پەرتوک ئەی هاوڕێی شیرنم،دۆستی بەوەفام
هەرکات لەگەڵت بم واهەست ناکەم تەنیام
لەنیگای ئەوینی تۆوە دەڕوانمە جوانی ژیان
هەرکەس لەگەڵ تۆدابێ هەرگیز ناکات زیان
تۆ بێ منەت پێم دەبەخشی زانست و زانیاری
دەرگات کراوەیە ناپرسی دەوڵەمەندی یان هەژاری
پەرتوک جوانترین دیاری عەقڵ و بیری مرۆڤایەتی
تۆی هەوێنی ئاشتی و نیشتیمانی دۆستایەتی
دەبیت بەنەخشە ڕێگەی سەرکەوتنی هێزی لاوان
ئەوەی هاوڕێت بێ ناوی دەکەوێتە نێو ناوان
پەرتوک ئەی مۆمی ڕووناکی، میوانی دیوەخان
هەرکەس هاوڕێت بێ دەبێت بە سەردار و خان
وتراوە ماڵی بێ پەرتووک وەک جەستەیەکی بێ گیانە
پەرتوک مامۆستایەکی بێدەنگ و خۆراکی ڕۆحە لەم ژیانە

ئارام مجید شەمێرانی
28-4-2025


پەرتووک

پەرتووک ئەی هاوڕێی شیرینم، دۆستی بەوەفام
هەرکاتێ لەگەڵتبم واهەست ناکەم تەنیام
لەنیگای ئەوینی تۆوە دەڕوانمە جوانی ژیان
هەرکەس لەگەڵ تۆدا بێت هەرگیز ناکات زیان
تۆ بێمنەت پێمان دەبەخشی زانست و زانیاری
دەرگات کراوەیە ناپرسی دەوڵەمەندی یان هەژاری
پەرتووک جوانترین دیاری عەقڵ و بیری مرۆڤایەتی
تۆی هەوێنی ئاشتی و نیشتمانی دۆستایەتی
دەبێت بەنەخشە ڕێگەی سەرکەوتنی هێزی لاوان
ئەوەی هاوڕێت بێ ناوی دەکەوێتە نێو ناوان
پەرتووک ئەی مۆمی ڕووناکی، میوانی دیوەخان
هەرکەس هاوڕێت بێ دەبێت بە سەردار و خان
وتراوە ماڵی بێ پەرتووک وەک جەستەیەکی بێ گیانە
پەرتووک مامۆستایەکی بێدەنگ و خۆراکی ڕۆحە لەم ژیانە

# پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا مێژووی پرسی کورد لە تورکیا



ئەحمەد زرار

زۆربەی توێژینەوە زانستییەکان کە لەسەر مێژووی پرسی کورد لە تورکیا کراوە، لەسەر ئەوە دەوەستێتەوە کە سەرهەڵدانی پرسی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا، لە ساڵی ١٩٢٣، ئەگەرچی مێژووی میرنشینە کوردییەکان پێمان دەڵێن لە کۆنەوە کورد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی بەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆی داوە و تەنانەت قوتابخانە و خوێندنی بە زمانی کوردی بووە، بەڵام دوای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیای نوێ و بە تایبەتی هاتنە سەر دەسەڵاتی (مستەفا کەمال ئەتاتورک ١٨٨١-١٩٣٨)، ڕەوشەکە پێچەوانە دەبێتەوە و زۆرێک لە خەسڵەتە نەتەوەییە بنەچەییەکانی تورک گۆڕانی بەسەردا دێ، ئەویش بەهۆی ئەم کۆمەڵە یاسایانەی لەلایەن ئەتاتورکەوە دەردەکرێ و دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

قۆناغەکانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا

قۆناغی یەکەم: یەکەم هەنگاوی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا لەسەر دەستی (تورگوت ئۆزاڵ ١٩٢٧-١٩٩٣)، سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی تورکیا، لە بەهاری ساڵی ١٩٩٣ هەنگاوی بۆ نرا. ئەوکات تەنها ٩ ساڵ بەسەر سەرهەڵدانی خەباتی چەکداریی لەلایەن پەکەکە و دەستپێکردنی شەڕی دژ بە سوپای تورکیا تێپەڕیبوو، (ئۆزاڵ) پێی وابوو بە ڕێگەی سەربازی چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیادا ناکرێت. لە هەوڵەکانیشیەوە ئەوە دەبینرێت کە پێی وابووە باشکردنی دۆخی ناوچە کوردییەکان بەشێک دەبێت لە چارەسەری پرسەکە و دوورخستنەوەی شەڕ لە وڵات. ئۆزال، هەوڵی ئەوەشی داوە کە لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، چاکسازییەکی گەورە لە هەرێمە کوردییەکاندا بکرێت و بووژانەوە و ژێرخانی ناوچەکە بەهێزتر بکات.

هەروەها ئۆزال، بڕیاری ئەوەشی داوە کە زمانی کوردی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بەکار بهێنرێت و بەرهەمهێنانی ئابووری لە ناوچە کوردنشینەکاندا بکرێت، بەتایبەتی پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە بە (گاپ) ناودەبرێت، دەیویست کاری زۆر لەم پرۆژەیەدا بکات، بەڵام کاتێک ئەو پێشنیارەی ڕاگەیاند، لە پاش دوو مانگ بە شێوەیەکی گوماناوی کۆچی دوایی کرد. لە بارەی ئەو مردنە ناوەختەش گومانی زۆر دەکرێت ژەهرخوار کرابێت.

قۆناغی دووەم: (نەجمەدین ئەربەکان ١٩٢٦-٢٠١١) لە ساڵی ١٩٩٦ بووە سەرۆک وەزیران و لەگەڵ (تانسو چیلەر)، حکوومەتی هاوبەشیان پێکهێنا. ئەربەکان بە تێڕوانینێکی ئیسلامیی میانڕەوەوە هاتبوو، زیاتر جەختی لە کەلتووری برایەتی و پێکەوەژیان دەکردەوە. ئەربەکان ویستێکی بۆ چارەسەری پرسەکە و ڕاگرتنی شەڕ هەبوو و هەوڵی بۆ دابوو، بەڵام بە کودەتای ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ لە دەسەڵات دوورخرایەوە و هەوڵەکەی ئەربەکان لەبار برا و دەسەڵات ڕادەستی تانسو چیلەر کرایەوە.

قۆناغی سێیەم: لە ٢٠٠٢ بۆ ٢٠١٤ پارتەکەی ئەردۆغان توانی بۆ ماوەی سێ خول هەڵبژاردن بباتەوە و بۆ خۆیشی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو، ئەردۆغان، لەم سێ خولە هەوڵی تێگەیشتنی پرسی کوردی داوە و هاوکات هەوڵی شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم خۆی دەدا، چونکە دڵنیا بوو لەوەی ئەگەر ئەو بەربەستانەی بەردەم خۆی نەشکێنێت، هاتنەدی خەونەکانی و تەمەنی سیاسەتی کورت دەبێت.

هەوڵی سەرکردە کوردەکان لە میانەی بەرێوەچوونی پرۆسەی ئاشتیدا

هەوڵی سەرکردە کوردەکان لە میانەی ئەم پرۆسەیەدا بەرز دەنرخێندرێت، بۆ نموونە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (تۆرگۆت ئۆزال)ی سەرۆك کۆماری تورکیادا، بەهەوڵی (سەرۆک جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، توانرا بۆ یەکەمجار بەستەڵەکی بڕوانەبوونی دەسەڵاتدارانی تورکیا بەکێشەکە بتوێنرێتەوە، تاڵەبانی، قەناعەتی بە ئۆجەلان، کردبوو بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست و ئەویش لە (١٦ی ئازاری ١٩٩٣)دا، یەکلایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاند، لەولاشەوە تاڵەبانی، توانی بووی باوەڕ بە ئۆزال، بێگومان بەهۆی هەوڵی بێبڕانەوەی (سەرۆک نێچیرڤان بارزانی)، لەمەڕ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی توانی پێگەی سیاسی بۆ (سەرۆک عەبدوڵڵا ئۆجەلان) بگەڕێنێتەوە. حکومەتی تورکیا بتوانێت، بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئۆجەلانەوە بکات و بڕیارەکان لەوێوە بدرێن.

کۆتایی پرۆسەکە

(سەرۆک نێچیرڤان بارزانی) پێی وایە، تاکە ڕێگا بۆ گەیشتن بە پرۆسەی ئاشتی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا، چەک دانانی پەکەکەیە، وەک دەڵێت: ''پێموایە پرۆسەکە پرۆسەیەکی جددیە و ئەمە پرۆسەیەك نییە بە شێوەیەکی تاکتیکی ڕێکخرابێت، ڕۆڵی ئێمە ڕۆڵی یارمەتیدەرە و دەست ناخەینە ناو کاروباری ناوخۆی تورکیا و ڕۆڵی ئێمە ئەوەیە چۆن بتوانین یارمەتیدەر بین ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی کە بەلای ئێمەوە دیارە، ئەم کێشەیە بە چەك چارەسەر ناکرێت''.

عەبدوڵڵا ئۆجالان لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٥ پەیامێکی بلاوکردەوە و تێیدا دەڵێت:'' لەم پرۆسەیەدا داوای داماڵینی چەک دەکەم و بەرپرسیارێتی مێژویی ئەم بانگەوازەش لە ئەستۆ دەگرم، هەروەک چۆن هەموو کۆمەڵگا و پارتێکی هاوچەرخ کە بوونی خۆی بە زۆر کۆتایی پێ نەهاتووە، ئێوەش بە دڵخوازی کۆنگرەی خۆتان ئەنجامبدەن و بڕیاربدەن؛ پێویستە هەمو گروپەکان چەکەکانیان دابنێن و پەکەکە خۆی هەڵوەشێنێتەوە''. دوای ئەم بانگەوازەی ئۆجالان، ڕۆژی شەممە ١ی ئاداری ٢٠٢٥ پەکەکە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە، کە دەڵێن: "ڕاگەیاندنی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ٢٧ی شوبات بە ناونیشانی "بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی"، ڕێگای هەموو هێزەکانی ئازادی و دیموکراسی ڕووناک دەکاتەوە و وەک مانیفێستۆی سەردەمە. لەبەر ئەوەی مانیفێستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ گەلەکەمان و مرۆڤایەتی زیاد کردووە، بە ڕێزەوە سڵاو لە ڕێبەر ئاپۆ دەکەین و بانگەوازەکەی جێبەجێ دەکەین. بەم پێیە دەتوانین خاڵێک بۆ بە لایەکداکەوتنی پرۆسەی ئاشتی، لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا دابنێین و دەشێیت بڵێین: "ڕێککەوتنێک هاتووەتە ئاراوە".





# خەرامان
# -21-
# چیرۆکی یاداشت
## ستران عەبدوڵلا

نووسین بەزمانی کوردی جوانە، نووسین بۆ کوردستان، کەرکوکی وتەنی، (دەها جوانە) ، جا شەهیدیش بینووسێ ئەوا جوانی جوانانە.ئەوی ئەو سەردەمە خوێندمەوە زۆر زۆر جوان بوو.

دەستنووسی نووسینەکەی ئەم شەهیدەم لە چلەی خۆی خوێندەوە و بۆ چاپ و چاککردن پێدا چوومەوە. نووسینەکە یاداشت بوو ، بەڵام یاداشتی ئەم زەمانە نەبوو کە هەر پیاهەڵدانی زاتی و پاڵەوانێتیی خۆیی بێت.


یاداشت وەک چیرۆک و بەسەرهاتی ناو شۆرش ، لەسەر کوردەواری و لەسەر خەم و پەژارەی لاوانی کورد بوو. کچ و کورێکی ئەویندار لێیان قەومابوو لەشار، تینی ئەوینی پاک رەوانەی ناوچەی ئازادی شۆرشی کردبوون. دەڤەری ئازاد لە ژێر گوشاری دوژمن و لە ژێر فشاری دابی کۆمەڵ ناچاربوو ئەولەویەت بداتە رزگاری نەتەوە ،نەک رزگاری ئەڤین، ناچاربوو بۆ مانەوەی شۆرش خەریکی پێشمەرگایەتی بۆ رزگاری نیشتمان بێت ، نەک پێشمەرگایەتی بۆ ئازادی ئەوینی بێگەردی کچان و کورانی خێر لەخۆ نەدیوی کوردستان.

ئەم سەرکردە ئازایە کە یادەوەری داستانی واقیعیی نووسیوەتەوە ، لەناو جەرگەی سیاسەت و کوردایەتی بەرپرسیارێتی لەسەر شانە وەک شۆرش و بەرپرسیارێتیش لەسەرە وەک مام و برازای دوا رۆژ.

شەهید بە رەمز و جەڤەنگ نووسیویەتی کە تەکنیک هەر بۆ جەنگ و نەبەردی پێشمەرگانە نییە، بۆ ژیان و خۆشبەختی و دوا رۆژی کوردەواریشە. بگرە بۆنەی خەبات و چەک و قەڵەمیش بۆ دوارۆژ و بۆ دڵنەوایی و دڵداری گەلە . یاداشت لێرە وەک (گوڵی خوێناوی) گۆرانی شاعیر سەربەرزی ئەوینی پاک هەڵدەبژێرێ. لە دێری کۆتایی یاداشتدا دوو ئەویندار تا لە ئاوایی چەک و پێشمەرگایەتی و دابی عەشیرەت بەسەلامەتی ئیزن دەدرێن، پشتێنی پارێزگاری پەنهانیان بۆ دەکرێت تا برۆن دوا رۆژ بنووسنەوە.

ئاخر شۆرش خوێن دەدا بۆ ئایندەی وڵات ، مەرجی نییە خوێنی تۆڵەی دابی خراپی کۆمەڵایەتیش بستێنێ .

ئەم یاداشتە یاداشتە لەسەر ئەوینی پاک ، یاداشتە لەسەر جەبری ئەولەویات، لەسەر پێویستی شۆرشی نەتەوە و پێویستی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی لەبەر خاتری نەوەکانی دوا رۆژ.




دوای زیاتر لە سێ دەیە نازانێ دوو پالەوانی ئەم ئەوینە لەچ مەملەکەتێک گیرسانەوە و بەرهەمی ئەوینیان چەند منداڵی چاوگەش بوون؟ بەڵام روونە ئەمرۆ تەقویمی شەهادەتی ئەم سەرکردە و ئەم شەهیدە قیتوقۆزەی شۆرشی نوێیە کەچی پێویست بوو بۆ ئاشتی کوردستان کردی و چی لەسەری بوو بۆ دوو لاوی کوردەواری کردی . ئینجا با کۆی تۆماری خەبات و تێکۆشانی بۆ رزگاری گەل و وڵاتیش لەولاوە، بوەستێ.یاداشتی باسکراو بە قەڵەمی حەسەن کوێستانی نووسراوە و یاداشتی رزگاری و ئاشتیش بە خوێنی خۆی و هاورێکانی سوور سوور نەخشێنراوە. خەرمانێکی بە بەرەکەت و خەرامانێکی درەوشاوە و رۆشنە ئەم خەباتە دێرینە واجبە بیگێرینەوە

# قولەی باوەنوور

قولەی چاودێری باوەنوور هیی سەدەی حەڤدە و عوسمانییەکانە لە بانی پێوازا چەند لەو قولەمان هەیە و لە بەرزی دروستکراون کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆ چاودێری دژی هێرشی سەربازی بووە، دوو قاتن، دوای ئەوەی یەک بە یەکی قولەکانم بەسەر کردەوە دەتوانم ئەوە بسەلمێنم کە قاتی یەکەم بۆ حەوانەوەی سەرباز بووە و قاتی دووەم بۆ چاودێری و شەڕ بووە چونکە قاتی دووەم کامل کونە مەترێزەی هەیە کە هەشت مەترێزەیە بۆ تەقاندنی گولە و رم و تیر و لە رووی بیناسازی قشڵیشەوە ئەم قولانە شێوە حەلەزۆنی دروستکراون، ئێستا خەڵک فێربوون بە قولەی سەید مەحمود ناوی دەبەن کە ئەمە ئاماژەی جاهلیەت و کوێراییە بەرانبەر مێژوو

لای من ئەم قولەیە زیاتر
ئەروانێ بەسەر دێی
خورخوریشدا نەک
سەیدمەحمود نازانم بە چ
پێوەرێک ئاوا ناوی دەبەن
ئەگەر نا لە قولەی چاودێری
عوسمانی زیاتر هیچی تری
پێ ناوترێ، وەک ئەوەی
زیاتر لە نزیکەوە سەرنجم
داوە پێم وایە زیاتر قسڵیان
بەکارهێناوە بۆ بنیاتنانی.

کوردپیدیا



# ئەوەی نە میدیای عەرەبی و نە میدیای کوردیش سەبارەت بە دیدارەکە ترامپ و شەرع نەیان گووت

ترامپ ، وێڕای داخوایيە راگەیەنراوەکانی ، ئەم داخوازیانەشی لە شەرع هەبوو کە تێکرایان پەیوەندییان بە رۆژاوای کوردستانەوە هەیە:

ـ دەبێ تەعامولی تەواو لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات دا بکەن.. دەبێ هەر شەڕ و پێکدادانێک لە رۆژهەڵاتی فوڕات دا دژ بە هەسەدە بوەستێنن. ئەوان ساڵانێکی زۆر ، لە هاوپەیمانی بێودەوڵەتی، هاوپەیمانی ئێمەن؛ شەهیدێکی زۆریان دژی داعش داوە.. نامانەوێ هیچ ناکۆکێ لە نێوانی ئێوە و کوردا دروست ببێ ؛ باش لەوە تێبگەن کە ئەمە لەبەرژەوەندی ئێوە نابێ .

ـ دەمەوێ جەخت لەوە بکەمەوە کە زیندانەکانی داعش لە ئێستادا ، لەژێر چاودێری کوردیدا دەمێننەوە .. دوای ئەوەی هاوپەیمانی لە نێوان ئێوە و هەسەدە دا دروست دەبێ و پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە سوریدا دەگاتە ئەنجام، بەڵێ ئەو کاتە دەخرێنە ژێر کۆنتۆڵی حکومەتی سوری ... هێزەکانی سوریای دیموکرات شارەزاییەکی دوورودرێژیان لە بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانەدا هەیە، بۆیە دەبێ لە ئێستادا ئەوان سەرپەرشتییان بکەن..ئەوان بەشێکن لە دەوڵەتی نوێی سوریا و توانایی و لێهاتوویی خۆیان لەو بوارەدا سەلماندوە.. ئێمە راپورتی سەربازی و هەواڵگری زۆرمان هەیە کە جەخت لە توانایی ئەو هێزە دەکەنەوە لە دژایەتیکردنی رێکخراوی داعش دا... پێویستە لەسەرتان کە هاوکاریان بکەن و پشتیان پێببەستن...لەووەش زیاتر رێکەوتنی واژۆ کراو ، بە سەرپەرشتی ئەمەریکا، لە نێوان ئێوە و هاورێم جەنەراڵ مەزڵوم عەبدی دا هەیە.. من چاوەڕوانی ئەوە لە ئێوە دەکەم پابەندی ئەو رێکەتنە بن.دەبێ ئەمە لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکرێ و نابێ دیمەشق هیچڕێگرییەک بۆ ئیشوکارەکانی هەسەدە بخولقێنێ... دەبێ لەیەکتێگەیشتن لە نێوانتان دا هەبێ، بەتایبەتیش لە ئیدارەدانی گرتووخانەکانی داعش و لە بەرەنگاربوونەوەی داعش دا..هاوکاری هەسەدە بەشێکە لە ستراتیژی هەرێمایەتی ئێمە.. لەسەرتانە هاوپەیمانی ئەو هێزە بن، ئەوان هاوبەشی ئێمەن . هەتا ئێوە پابەندی ئەو رێکەوتنە بن،ئێمە لەسەر پشتیوانییەکانمان بۆ ئەو هێزە کوردیانەی سوریا بەردەوام دەبین.. دەبێ لەوش تێبگەن کە ئەمەریکا ئامرازی جۆراوجۆری زۆری هەیە بۆ زامن کردنی بەردەوامبوونی ئەو هاوکارییە، ئێمە لەو هاوبەشیەتان دا پشتیوانیتانین.

ـ کورد و مەسیحییەکان زوڵمی زۆریان لێکراوە و زۆریان چەشتووە، هەر زوڵمێک بەرامبەریان بکرێ ئاکامی زۆر خراپی بۆ سوریا دەبێ.

وەختێک شەرع لە وەڵامی داواکارییەکانی ترامپ دا بەڵێن دەدا کە مافی کورد و ئەوانی دیکەش لە سوریای نوێ دا، لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی و دەستوری نوێدا زامن کراو دەبێ ، ترامپ دەڵێ:

زۆر باشە، منیش ئەوەی دەمویست لە ئێوە بیبیستم ئەوە بوو... ئەگەر تۆ پابەندی ئەوە بیت، ئێمەش ئامادەین کۆمەک بە بەرقەرار بوونی سەقامگیری لە سوریادا بکەین و لەگەڵ هاوبەشە خلیجیەکانمان، کۆمەک و پشتیوانیپێویستتان پێشکەش دەکەین بۆ وەبەرهێنان و گەشەی ئابووری و بینای دەوڵەتی نوێی سوریا.. بەڵام بیرت نەچێ ئێمە زۆر بە وردی و لە نزیکەوە چاودێری دۆخەکە دەکەین،

بۆیە دەبێ هەنگاوەکانتان روون و دیراسە کراو بن.

سەرچاوەی بەشێک لەو زانیارییانەئەم لینکەیە:

/https://vt.tiktok.com/ZShVfUArb

samir matini



# بڕیارەکەی پەکەکە، بڕیارێکی ئازایانەیە

دوای ئەو هەموو ساڵانەی خەبات و قوربانیدان، پەکەکە خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. هەندێک ئەمە بەئاشبەتاڵ لەقەڵەم دەدەن و زۆریش پشتیوانی لە بڕیارەکەی پەکەکە دەکەن و بە بڕیارێکی بوێرانەی دەزانن.. بە کۆتایی قۆناخێک و سەرەتای قۆناخێکی نوێی دەزانن .. قۆناخێک کە تا ئەندازەیەکی زۆر ، رۆڵی چەک و ئەو ئایدیۆلۆجیایەشی تیا بەسەرچووە کە پەکەکە لەسەری دامەزراوە ..بەرەو قۆناخێک کە قۆناخی خەباتی مەدەنی و دیموکراسییە؛ بە بڕیارێکی ژیرەکانەی دەزانن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانیکاریەکان و لەگەڵ سستمی نوێی جیهان .

ئەگەرچی هێشتا زووە هەنگاوەکانی دوای ئەو بڕیارە ببینین بەڵام من لەوانەم کە هەقی تەواو بەهەر بڕیارێک دەدەن کە پەکەکە لەبەرژەوەندی خۆی و میللەتی کوردا بیدا.. ئەوان خۆیان خاوەنی خۆیان و بڕیاری خۆیانن وهەر ئەوانیش زیاتر لەئێمە زەرەر و قازانجەکانی بڕیاری خۆیان دەزانن.. ئەوە لەکاتێکا ئێمە ئەو وردەکاریانە نازانین کە لەپشتی ئەو بڕیارەوەن، بۆیە هەر تۆمەتبارکردنێک لەلایەن ئێمەوە ناهەقیە..

وردەکارییەکان نازانین بەڵام ئەوەی دەیزانین :

ـ بیانووی تورکیای دەبڕێ بۆ پەلامارەدانە سەر رۆژئاوا.

ـ بیانووی تورکیای دەبڕێ بۆ هاتنە ناو خاکی هەرێم .

ـ بیانووی تورکیای دەبڕێ بۆ پەلاماردانی ئەندامانی دەم پارتی بەتایبەتی و چالاکوانانی کوردی باکوور بەگشتی.

بیانووی تورکیا دەبڕێ لە پشتگوێ خستنی باکوری کوردستان، لەرووی ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی لەهەموو بوارەکاندا.

ـ کۆتایی بە تۆمەتی تیرۆر دەهێنێ، چ لەسەر ئاستی تورکیا و چ لەسەر ئاستی دنیاش.

ـ کۆتایی بە چارەسەری چەکداریی دەهێنێ و رێگای بەردەم چارەسەری ئاشتیانە دەکاتەوە..

ـ خۆ ئەگەر گفتوگۆکانیش بگەنە ئەنجام ئەوا دۆزی کورد لە تورکیادا دەچێتە قۆناغێکی نوێوە ؛ کورد لە تۆمەتبارکردنی بە تیرۆرەوە دەبێتە یاریکەرێکی کارا و خاوەن بڕیار لەداڕشتنی نەخشەی نوێی سیاسی لە تورکیا و کاردانەوەی گەورەشی لەسەر پارچەکانی تر دەبێ.لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەزاران کوردی گیراوی نێو بەندیخانەکانی تورکیا ئازاد دەبن.. **هەڤاڵ کوێستانی**







# حکوومەت و نیشتمان تێکەڵ مەکە"*.. چەمکی حکوومەت و نیشتمان لە نیشتمانی عەرەب



وەرگێڕان

ڕۆبەرت فیسک لە بەناوبانگترین ڕۆژنامەنووسانی جیهان و لەوانە بوو کە باش تەبیعەتی عەرەبیان دەناسی، سی ساڵ لە و ڵاتانی عەرەبی ژیا و لە شاری بەیرووت دادەنیشت. پەیامنێری "ئیندپێندنت"ی بریتانیا بوو لە ڕۆ ژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ڕۆژنامەنووسە ڕۆژاواییە دەگمەنەکان بوو و بە ڕۆژنامەنووسێکی دژی سیاسەتی ئەمریکا و بریتانیای واڵتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرا. ڕۆبەرت فیسک دەڵێ: دەزانن بۆچی ماڵە عەرەبەکان ئەو پەڕی خاوێنن، لە کاتێک دا شەقامەکانیان بەپیچەوانەوەن؟ هۆیەکەی ئەوەیە کە عەرەب وا هەست دەکەن خۆیان خاوەنی ماڵەکانیانن، بەڵام هەست ناکەن خاوەنی نیشتمانی خۆیان بن. ڕاست وایە، شەقامەکانمان پیس و بۆگەنن، چونکە هەست دەکەین ئێمە خاوەنی نیشتمانەکانمان نین. هۆیەکەیی دەستنیشان کردووە، کە دوو شتە:

یەکەم: ئێمە چەمکی نیشتمان و چەمکی حکوومەت تێکەڵ دەکەین و بە یەکشتیان دەزانین، ئەمەیش -بەش بەخۆی- نەهامەتییە. حکوومەت بەڕێوەبردنێکی سیا سییە بۆ ماوەیێکی کورتی تەمەنی نیشتمان و هیچ حکوومەتێکیش تاسەر نامێنێ، لە کاتێکدا نیشتمان مێژوو و جوگرافیا و ئەو خاکەیە کە ئێسک وپرووسکی باپیرانی لەخۆگرتووە و ئەو درەختەیە کە ئارەقی ناوچاوانیانی خواردووەتەوە و بیر و کتێب و داب و نەریت و .. . لەبەر ئەوە مافی هەموو مرۆڤێکە ڕقی لە حکوومەت بێ، بەڵام مافی ئەوەی نییە ڕقی لە نیشتمان بێ. نەهامەتیی گەورە تێکەڵکردنی حکوومەت و نیشتمانە؛ ئیمە پێمان وایە ئەگەر نیشتمان لەناوببەین، تۆڵە لە حکوومەت دەکەینەوە!! وەک بڵێی نیشتمان هیی حکوومەتە، نەک هیی ئێمەیە. پێوەندیی حکوومەت چییە بەو شەقامە کە من و تۆی پێدا دەڕۆین، بەو زانکۆیەوە کە کوڕی من و کوڕی تۆی تێدا دەخوێنن و بەو نەخۆشخانەیەوە کە هاوسەری من و هاوسەری تۆی تێدا چارەسەردەکرێ؟! شتەکان موڵکی ئەوانە نین کە بەڕێوەیان دەبەن، بەڵکوو موڵکی ئەوانەن کە بەکاریاندەهێنن. ئیمە -ئەوەی ڕاستی بێ- تۆڵە لە نیشتمان دەکەینەوە، نەک لە حکوومەت. ئەگەر ئێمە بەڕاستی نیشتمانمان خۆش بوێ، حکوومەتان بە شێوەیێکیتر سزادەدەین.

دووەم: ڕۆشنبیریی موڵکایەتیی گشتی لای ئێمە نییە، تەنانەت وا دەردەکەوێ کە گیرۆدەی جۆرە دابڕانێکین. ئەوەی پارێزگاریی ئاودەستخانەی ماڵەکەی دەکا، هەمان کەسە کە ئاودەستخانەی گشتی پیس دەکا؛ ئەوەی پارێزگاریی مێزی ماڵەکەی خۆی دەکا، هەمان کەسە کە ناوی خۆی لەسەر مێزی قوتابخانە و زانکۆ هەڵدەکۆڵێ. ئەو باوکەی کە دەیەوێ کورەکەی ڕێکوپێکیی ناوماڵ بپارێزێ، هەر ئەو خۆیەتی نایەوێ لە ڕیزدا بوەستێ تا نۆرەی دێ؛ ئەو دایکەیش کە ڕازی نییە کچەکەی دەرسێک لەکیس خۆی بدا، خۆیەتی کە لە دەوام هەڵدێ. پوختەی قسە ئەوەیە: بمانەوێ و نەمانەوێ، حکوومەت نیشتمان نییە و کێشەکانیشمان لەگەڵ حکوومەت، تێکدانی نیشتمان چارەسەری ناکا. ئەو گەلەی کە تۆڵە لە نیشتمان دەکاتەوە، چونکە حکوومەتەکەی خراپە، شایستەی حکوومەتێکی باش نییە. پێشکەوتنمان بە پاکوخاوێنیی باخچەی ماڵەکەمان ناپێورێ، بەڵکوو بە پاک وخاوێنیی باخی گشتی، پاش ئەوەی تێیدا دادەنیشین.

ئەگەر لە حاڵ وباری خۆمان وردببینەوە، دەبینین ئێمە دوژمنی خۆمانین و کەس ئەوەندەی ئێمە خراپەکاری بەرامبەر بە نیشتمانمان ناکا. ڕاستیان گوتووە: مرۆڤ پێویستی بە شەقامی خاوێنە، تا ڕێزلێگیراو بێ. بەڵام شەقامەکانیش پێویستیان بە مرۆڤی بەڕێز هەیە تا پاک وخاوێن بن.

* وتاری نووسەری کۆچکردووی بریتانیا، ڕۆبەرت فیسک. سدیق ساڵح کردوویە بە کوردی. سپی میدیا



# سفری مێژوویی

## جەعفەر موزەفەر

سفری مێژوویی چییە؟ سەبارەت بە من وەک عێراقییەک هەڵوێستێکە لە قوڵایی مێژوودا، کۆمەڵێک خەڵک دیاری دەکەن، تا تێدا بزر دەبن و بیریان دەچێتەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە لێیەوە دەستیان بە جووڵان کردووە. لێرەوە من هەڵوێست لە شەهیدکرانی سەرەوەری شەهیدان حسێن کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتاڵب دیاری دەکەم.

پێم وایە ئیمام حسێن دووجار کوژراوە: جارێک بە دەستی یەزید و جارێک بە دەستی هەموو ئەوانە کە هەوڵیاندا مەسەلەی شەهیدکردنی بکەنە بۆنەیێک بۆ گریان و شین و شەپۆر و پەندە مەزنەکانی شەڕی شەهیدکرانیان تێپەڕاند. وای دەبینم خراپترین کوژرانیان ئەوەی دووەمیانە. لە کاتێکدا بکوژانی یەکەم توانیان سەری جەستەی حسێن ببڕن، بکوژانی دووەم هەوڵدەدەن ڕۆحی سەرببڕن و مانای پاڵەوانێتی و شەهیدبوونی لێ دابماڵن تا بیکەنە تەنیا ستەملێکراوێکی داماوی شایستەی پرسە بۆگێڕان!

دەپرسم: چۆن گەلێک پێی دەکرێ بە جەڵدە لە خۆی بداو خۆی سزا بدا بەو شێوەیە کە زۆری شیعەی ئەمڕۆ دەیکەن؟! وەڵام دەدەمەوە: مەسەلەکە لە نەخشە بۆکێشانێکی دەستئەنقەست زیاتر نییە، ئامانجی پەکخستنی تەواوی گەلێک و وڵاتێکە و دەرهێنانیان بە تەواوی لە ڕەوتی مێژوو و بردنیانە بەرەو ئەو شوێنە کە ڕابردوو بە وردەکارییە ئازار بەخشەکانیەوە دەژی، کە ئازاری هەرەتوندیان ئەوەیانە کەوا لە پرۆسەی ڕفاندنی تەواوی گەلێکدا و سپاردنی بە زەمانێک کە ناکرێ لێی بگەڕێتەوە و بە شوێنێک کە ناکرێ لێیبێتە دەرێ، دەردەکەوێ.

ئەو شوێن و زەمانی سفری مێژوویيە، کە هیچ شتێک نە لە پێشیەوە و نە لە پاشیەوە نییە و هەموو زەمانێکی تێدا هەر عاشوورا و هەموو شوێنێکی کەربەلایە. جا لەو پانتاییەدا، پانتایی سفری مێژوویی، ئەم گەلە لە چارەی نووسراوە هەر بە گریاوی و لە خۆداوی بمێنێتەوە و خەفەت ببێتە پیشەی و تاڵاوی ملکەچی بجێژێ، لە خۆی بداو دەمەوچاوی بە قوڕاوی تاوانێک پیس بکا کە بە ساختە قەناعەتیان پێهێناویە، ئەو کردوویە.

زۆری ئەو هێزانە بەشداریی دروستکردنی ئەم پیلانەیان کردووە، بەڵێ پیلان. بڵندگۆی گریان و لە خۆدان هەن کە لەسەر خوێنی حسێن دەژین و بازرگانیی پێوە دەکەن و پێیان وایە بەردەوام بوونی تەنیا بەستە بە توانای خۆی بۆ دەستگیرکردنی گەل لە پانتایی ئەو سفرە مێژووییەدا تا لەوێ بیهێڵنەوە بەسەر سەرشۆڕیی خۆیدا لە ئاستی حسێن بگرێ و ببێتە گەلێکی بێجووڵەی لە کارکەوتوو بە گرێی هەست بەگوناحکردن.


ژمارەیەکی زۆری پیاوانی ئایینی مێزەربەسەریش هەن بەشێوەی جۆرا و جۆر، بەشداریی لە هێشتنەوەی شیعەدا لە ناوچەی سفری مێژووییدا دەکەن، چونکە چوونەدەرەوەیان لەو ناوچەیە، واتە سەرپێچیان لەو گوێڕایەڵییە غەیبییەیە کە بەرە بەرە دەکێشێتەوە بۆ پاشەکشەی دەوڵەتی حەوزە بە قازانجی دەوڵەتی نیشتمان.

ناوچەی سفری مێژوویی هەر بە پەسندکراوترین ناوچەی لای سەفەوییەکانی فارس مایەوە و لەوێوە و لە ڕێگەی ڕۆشنبیرییەکەیانەوە بەڕوونی دەگەڕێنەوە بۆ دوو ئەوەندە تۆڵەکردنەوە لەوانەی وا ئیمپراتۆریی فارسییان ڕووخاند! ئەوەی بەناونیشانی ئیسلامی ڕووخێندرا، ئەمڕۆ بە ناونیشانی تایەفەگەرییەوە سەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە و یەک بە یەک و دەستپێکەر ستەمکارترە! یا بە قسەی برایانی میسری (کەسانیتر زۆرزانتر بوون).

شیعەی ئێران کە بە سووکی بەشداریی هاوڕێیانی خۆیان دەکەن لە ڕێورەسمەکانی خەفەتدا، هەرگیز بەشداری ئەو گرێی هەست بەگوناحکردن ناکەن کە خراوەتە سەر مێژوو و مرۆڤی عیراقی و سزای لە خۆدانیان بۆ خۆڵێبەریکردنەیان نییە و خۆشیان بە گەڕان بە دوای بکوژی حسێنەوە لەناو خۆیاندا و لە خاکی خۆیاندا سەرقاڵ ناکەن.

ئەمڕۆ ئەم ناوچەیە خەریکە لە بینەقاقای شیعەی عیراق و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە لە هەموو عیراق توند دەکرێ. پاش ئەوەی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی تایەفەگەر هەلی دەسگرتن بەسەر دەسەڵاتیان بۆ ڕەخسا و پاش ئەوەی بە تەواوی ڕوون بووەوە کە ئەم حیزبانە هیچ ڕۆشنبیرییەکیان لە دەرەوەی ئەو ناوچەی سفری مێژووییەدا نییە، لە بریی (١٠) ڕۆژی عاشوورا، ئیتر هەموو ڕۆژێک عاشوورایە و هەموو خاکێک کەربەلایە. بۆنەییێک تەواو نابێ، یەکێکیتر دێ، چونکە داواکراو ئەوەیە جوغزی سفری مێژوویی فراوان بێ، ببێتە هەموو زەمانێک و هەموو شوێنێک. دوێنێ مەسەلەی ڕکێفکردنی گەلی مەزنی چین بە ئاسانکرا، کاتێک نوقمی تلیاک و ئەفیوونیان کرد. ڕۆژێکیش ماوتسی تۆنگ ویستی جارێکیتر ژیان بە بەری گەلەکەیدا بکاتەوە، یەکەمین ئەرکی بووە دەرهێنانی لە ناوچەی سفری مێژوویی، کە لەوێ سڕکرابوو و پەکخرابوو. بەڵام عیراق ناتوانێ بێتەوە سەرخۆی، تا شیعە لەناوچەی سفری مێژوویی خۆیان نەیێتە دەرێ و دەست لە خۆدان هەڵنەگرن بۆ خۆ بێبەریکردن لە تاوانێک کە هیچ پەیوەندییەکیان پێیەوە نییە. کاتێکیش لەو ناوچە دەگەڕێنەوە، بەنرخترین شتێک کە لەگەڵ خۆیانی هەڵدەگرن، چیرۆکی پیاوێکی مەزنە لەسەر خاکەکەیان شەهیدکرا و خوێنی خۆی و کەس‌وکار و یارانیی بەخشی بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستێکی ئەخلاقی دەتوانن ڕێزی لێبگرن، ئەگەر توانیان بەکار و ئەخلاق و ڕاستگۆیی و ئەمانە نەپارێزێ و پاکی بچنە ئاستی ئەو، نەک بەشین و شەپۆر و لەخۆدان و بەیعەتدان بە دز و دەجالە نەفرەتییەکانی تایەفەگەری و بانگخوازانی ڕۆشنبیریی سفری مێژوویی.

تو پیم بلی
تو پیم بلی ئاخر کە من لە م دوورە وە
ئاواتە خواز بم بمە وی
بو منالیکی سومالی رووت و برسی
ببم بە پە رداخی شیر و بمخواتە وە
ببم بە تیکە نانیک و قوتم بدا
ببم بە پارچە جلیک و لە بە رم کا
ئە ی ئە بی بو منالانی بی نە وای خوم
بی کە س خوم
لە کە رکووکە وە تاکو وان
ببم بە چی تو پیم بلی



شێرکۆ بێکەس







YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sharazwri@gmail.com
009647701961087

